# بۆپێشەوە


FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالٌی پێنجەم ژمارە(114) بەرواری 1-2-2022 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## تاڵیبان بە هیچ جۆرێك نوێنەرایەتی خەڵکی ئەفغانستان ناکات...ل4

## پێویستە بێریڤان ئەیوب و سەرجەم گیراوەکانی بادینان دەست بەجێ و بێ قەیدو شەرت ئازاد بکرێن!



بێریڤان ئەیوب ژنە چالاکوانی بادینان، یەکێک لەو کەسانەیە کە لەگەڵ دەیان هەڵسوڕاو و چالاکوانی تری بادینان، لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠٢٠ دا دەستگیرکراوە. بێریڤان بەهۆی بەشداری لە خۆپیشاندانەکان و لە پێناو داخوازی موچە و خزمەتگوزارییەکان، دەستگیر کراوە، بەڵام دەسەڵاتی سەرکوتگەر و مافیایی پارتی بە یاسای تایبەت بە تێکدانی ئاسایشی نیشتیمانی دەستگیری کردووە، واتە تۆمەتی تێکدانی ئاسایشی هەرێمی بۆ داتاشیوە. لەوەش زیاتر ساڵێک و چوار مانگە لە زینداندا راگیراوە بێ ئەوەی دادگایی بکرێت و ڕێگەش بدرێت وەکو پێویست پارێزەرەکەی ببینێ... لەو ماوە دوورو درێژەی زیندانی کردنیدا تەنها چەند جارێک ئەویش لەو چەند مانگەی دواییدا ڕێگە بەبینینی پارێزەرەکەی دراوە. بێریڤان لەبەرامبەر بە...

بۆ لاپەڕە 3

## شەپۆلی سەرما و بەفرو باران، هێندەی تر ژیان لە هاوڵاتیانی نەدار و هەژار تاڵ دەکات!



بەم دوایانە شەپۆلێکی سەرما و باران و بەفر، هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، لە کاتێکدا جەماوەری بێبەش و نەداری کوردستان، چاوەڕوانی باران بوون بۆ ئەوەی لە هەرەشەی وشکە ساڵی و لێکەوتەکانی بەدوور بن، کەچی بارانێکی کەم، سەدان خانووی بەسەریاندا ڕوخاند و بەدەیان کەسیش بوونە قوربانی. چاوەڕوانی بەفر بوون و

بۆ لاپەڕە 3

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* ئۆلۆمپیاتی پەکینگی و چەند ڕوویی سەرمایەداری.............................ل3
* چی لەپشتی ڕووداوەکەی حەسەکەوە بوو؟ ڕێگا چارە چییە؟.............ل5
*ڕاگەیاندن لەنێوان پروپاگەندەی بازرگانی و تێکۆشانی چینایەتییدا.......ل6
* بەکارهێنانی توندوتیژی بەرانبەر ژن لە سۆشیال میدیادا..................ل7
* لە سایەی رەئیسی جەلاددا توندوتیژی بە دژی ژنان زیادی کردوە.......ل9


### دۆسیەی ژمارە" پرسی پێکهێنانی حکومەتی عێراق"

هەریەك لە بەڕێزان ئیبراهیم حسێن و کاکەلاو تەحسین بەشداری دۆسیەکەیان کردووە...ل10-11-12






## وتەی ژمارە

## مەبەست لە حکومەتی زوربە و لاشرقیەو لاغربیە، چییە؟

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**



هێزو لایەنە بۆرژوازییەکانی عیراق، سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ عێراق. حکومەتێک کە وەڵام بە خواست و ویستی بۆژوازی لە عێراقی ئێستادا بداتەوە و نوێنەری بەشی هەرە زۆری بۆرژوازی عێراقی بێت. بەڵام پێکهێنانی حکومەتێک کە نوێنەری بۆرژوازی عێراق و باڵەکانی بکات، بەبێ وەڵامدانەوە بە لایەنی کەمی خواست و داوکارییەکانی جەماوەری عیراق، بەشوێنێک ناگات.

ئەگەر لە خولەکانی پێشووی هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی حکومەتدا، هێزە بۆرژوازییەکانی عێراق، بە پلەی یەکەم دەرگیری ناو خانەوادەی بۆرژوازی و ناتەبایی ریزەکانیان بوون، ئەوا لەهەلومەرجی ئێستادا، بلۆکێکی تری سیاسی لە گۆرەپانی سیاسی عیراق و لەناو پرۆسەی سیاسیدا ئامادەیی هەیە. ئەم بلۆکە سیاسییە، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە، بزوتنەوەیەک کە حکومەتی پێشووی ناچار بە هەڵوەشاندنەوەو سەرجەم بۆرژوازی عێراقییشی ناچار بە هەڵبژاردنی پیش وەختە کرد. لە هەڵبژاردنەکانیشدا، ئامادەیی سیاسی و چوونە سەری ئاستی هوشیاری سیاسی خۆی بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان نیشاندایەوەو ئەوەی خستە ڕوو کە بەشێکە لە پرۆسیسی سیاسی عێراق و ڕێگای گەڕانەوە بۆ دواوەی لێ داخراوە.

لەهەلومەرجێکی ئاوادا، کە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆتە بەشێک لە پرۆسیسی سیاسی عێراق، کاری پێکهێنانی حکومەتی بۆ بۆرژوازی سەخت کردووە. ململانێیەک کە ئێستا لەنێو ریزەکانی بۆرژوازی عێراقیدا هەیە، ریشەی سەرەکی لەو واقعیەتە تازەیەدایە.

ڕەوتی سەدر دەیەوێت لە ڕێگای هێنانەگۆڕ یان بەدەستەوەگرتنی پێکهێنانی حکومەتی زوربە، پەیامێک بدات کە گوایە ڕێگا لە بەردەم بەشبەشێنەی تایفی و قەومی مەزهەبی دەگرێت و

بۆ لاپەڕە 2

ل8 | کۆشەی ئەدەب و هونەر | ل7 | پرسی ژن | ل5 | پرسی ڕۆژ



## درێژەی وتەی ژمارە

عێراق دیموکراتیزە دەکات. حکومەتی زوربە کە گوایە ئەوانەی زۆرترینی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە حکومەت دروست دەکەن، ئەوە لە کاتێکدایە دەنگ هینانی زوربە لە دەنگ و بەشداری کەمایەتیەکی ئابڕوبەرانە، پوچی سەرجەم پرۆسیسی بەناو دیموکراسی لە عێراقدا خستەوە ڕوو. دیموکراسی راستەقینە ئەوە بوو کە چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی عێراق و کوردستان بە زۆرینەی ڕەها، بێ ئەوەی ماشێنی تەبلیغاتی و پروپاگەندیی میدیایی و داهات و پشتیوانی وڵاتانی ناوچەکەیان، لەبەردەست بێت ئاشکرا و شاراوە مەزنەی تورەیی جەماوەری، دوبارە بێتەوە مەیدان.

حکومەتی داهاتووی عیراق، دوای هێنان و بردن و ململانییەکی درێژ و ئاڵۆز و بەریەکەوتنی هیزەکان و دەیان پیلان کە لەدژی یەکتری دەیگێرن، ئەگەر دروست بکرێت و چەندین هێزو لایەنی دەرەکیش ببنە دارعاسای راگرتنی بەلّام ناتوانێت لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت، ئەگەر وەلّام بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و خواستەکانی تەسلیمی خواست و داوکارییەکانی بەغدا دەبێت و لەهەلومەرجی ئیستادا ناچارە، ئومێدی سەرەکی خۆی بە بەغداوە گرێبدات. ئەوەی بۆرژوازی کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراق دەیەوێت، لانی کەمی بودجەیەکە کە موچەی فەرمانبەرانی پێ بدات و خۆی لە نارەزایەتی فراوانی جەماوەری، بپارێزێت. بەلّام کیشەی دەسەلّاتی بۆرژوازی کورد لەگەڵ چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، لەوە تێپەڕیووە تەنها پرسی موچە بێت. جەماوەری بێبەشی کوردستان بە ئەزموون و بە نرخی قوربانیدانی زۆر بەو راستیە گەیشتوون، کە زامن بوونی سەرەتایی ترین خواست و بەدی هێنانی مافی زۆر سادەو

**رەوتی سەدر بە هێنانە گۆڕی باسی "حکومەتی زوربە" و "لاشرقیەو لا غربیە" بەدوای ئەوەوەیە کە ئابرو بۆ خانەوادەی شیعەی سیاسی بگێڕێتەوە، کە لە ١٦ ساڵی رابردوودا کۆی دەسەڵاتە گرنگەکانی عێراقی لەدەستدا بووە و ناشیرینترین ئەلگۆی حکومەتداری لە دنیای هاوچەرخدا، نیشانداوە. دەیەوێت ئەوە بخاتە ڕوو کە عێراقی ژێر هەیمەنەی سەدر و حکومەتەی عێراقێکی تازەیەو دابراو لە دەسەلاتی شکستخواردووی ئەزموونکراوە...**

گاڵتەجاری هەڵبژاردن و هاوکات هێزو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی رەتکردەوە.

رەوتی سەدر دەیەوێت، بە دروشمی" لاشرقیەو لا غربیە" عەبای ئیرادەی سەربەخۆیی بەسەر وابەستەبوونی بە ئێران و چاوبڕکێی لەگەڵ دنیای غەرب و ئەمریکا، بدات و جەماوەری عێراق مەستی ئەوە بکات کە شکۆ بۆ عێراق و سەروەریەکەی دەگێڕێتەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە تەنانەت پۆستێک بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی دانانرێت و بەشی هەرکام لە بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتییە بۆرژوازییەکان، بە قەومی و دینی و تایفییەوە، بەبێ سازان و ڕیکەوتنی لایەنەکان و ئۆکەی وڵاتانی ناوچەکە، ناچێتە پێشەوە.

دیارە رەوتی سەدر بە هێنانە گۆڕی باسی "حکومەتی زوربە" و "لاشرقیەو لا غربیە" بەدوای ئەوەوەیە کە ئابڕو بۆ خانەوادەی شیعەی سیاسی بگێڕێتەوە، کە لە ١٦ ساڵی رابردوودا کۆی دەسەڵاتە گرنگەکانی عێراقی لەدەستدا بووە و ناشیرینترین ئەلگۆی حکومەتداری لە دنیای هاوچەرخدا، نیشانداوە. دەیەوێت ئەوە بخاتە ڕوو کە عێراقی ژێر هەیمەنەی سەدر و حکومەتەی عێراقێکی تازەیەو دابراو لە دەسەلاتی شکستخواردووی ئەزموونکراوە. بەلّام لەهەموو ئەوانە گرنگتر هیزە بۆرژوازییە سەرەکیەکانی عێراق بەگشتی و رەوتی سەدر بەتایبەتی دەیەوێت ئەوەی لەڕیگای هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و هەڵبژاردنی پیش وەختەوە، نەیان توانی پاشەکشە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بکەن، دەیانەوێت لە ریگای بانگەشەی "حکومەتی زوربەی نیشتیمانی" "لا شرقیەو لا غربیە" وە، وە بە بەشداری پێکردن و بەخشینی جێگاو ریگای باشتر بە ناسیونالیزمی سونە!!، هەوڵەکانی بۆ پاشەپێکردن بە نارەزایەتی جەماوەری درێژە پێبدەن و ڕێگە لەوە بگرن ئەو هێزە نەداتەوە.

خواستی ئەم بزوتنەوەیەش بریتییە لە هەلی کار یان بیمەی بیکاری، خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتی ئاو و کارەبا، سزادانی ئەوانەی لەسەرکوتی خۆپیشاندەراندا توندوتیژیان نواند و بەسەدان کەسیان کوشت و بە هەزارانیان بریندار کرد و بە سەدانیان رفاندو بەدەیانیان تیرۆر کرد، وە داوای لیپرسینەوە لە گەندەڵکاران و تالّانچیان دەکەن، بەدژی بە دەستێوەردانی دەرەکیین و دەیانەوێت ئەو دەستانە دوربخرێنەوە. ئەم خواستانە لە توانای هێزەکانی بۆرژوازی عێراقی بەدەرن. بۆرژوازی عێراقی بەشێوەی گشتی و هیزە دەستڕۆشتوەکان بەتایبەتی نەک توانایی ئەو ئەرکانەیان نییە کە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خستویەتیە ڕوو، بەڵکو خۆیان بەکردەوە بەشێکی دانەبراو لەو تاوان و تاوانکاریانەو هۆکاری خرۆشانی جەماوەری لە عێراقدا بوون.

بۆیە پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا، کۆسپەکانی بەردەمی ناتەبایی ناو "ماڵی شیعی" نییە، بەڵکو نەتوانینی وەڵامدانەوەیە بەخواستە رەواکانی جەماوەری بێبەشی عێراق. بۆرژوازی لە عێراقدا بۆ پێکهێنانی حکومەت دەتوانێت بەسەر گرفتە ناوخۆیەکانیدا زاڵ بێت و حکومەت پێکبهێنێت، بەڵام ناتوانێت درێژە بە تەمەنی خۆی بدات و بەسەر خواستە جەماوەریەکاندا، باز بدات.

لەو نێوەدا جێگاو ڕێگای بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، روو لە داکشانی زۆرتر دەکات، گوشارەکانی بۆرژواز ئیسلامی و ناسیونالیستی عەرەبی، بۆسەری زۆرتر دەبێت، بەتایبەتیش کە هیزەکانی ئەمریکا لە عێراق پاشەکشەیان پێکراوە. بیگومان لەو نێوەدا بۆرژوازی کورد زۆرتر بە فەرمی ناسینی کەمترین ئازادیی، گرێی خواردووە بە پاشەکشەپیکردن و راماڵینی ئەو دەسەلاتەی ڕێگایەکی ئاشتیانەی بۆ مانەوە لەگەڵ جەماوەری کوردستان نەهێشتۆتەوە.

ئەم بزوتنەوەیەی کە خواستی راماڵینی دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەدەستەوە گرتووە، بەشێکی دانەبڕاوە لەو بزوتنەوە جەماوەرییە نارازییەی لەسەراسەی عێراقدا بە دژی دەسەڵاتی تالّانچی بۆرژوازی لە ئارادایە... جەماوەری بێببەشی عێراق و کوردستان بێ ئەوەی ڕیکەوتنێکی نووسراویان واژۆ کردبێت بەیەک نەفەس و بەیەک هەڵوێست، بە بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکان، هاوچارەنووسیان بۆ یەکتری دوبارە کردەوە. ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە لە عێراق و کوردستان هێز لەیەکتری وەردەگرن و توانایی و ئەزموون بە یەکتری دەبەخشن، ئایینندەی سیاسی عێراق و کوردستان، بە پلەی یەکەم گرێی خواردووە بەم بزوتنەوەیەو پێشرەویەکەی... ئەم بزوتنەوەیە چ لە عێراق و چ لە کوردستاندا بە هەر ئەندازە لە ژێر پەرچەم و ئاسۆی شۆرشگێڕانەی سۆشیالیستیدا ڕێکخراو و یەکگرتوو بێت، بە هەمان ئەندازە دەتوانێت رەوتی نەخشاندنی ئاییندەیەکی تر، بخاتە بەردەم سەرجەم کۆمەڵگەی عێراق و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە بۆرژوازییەکان بخاتە کەنار و لەدەسەڵات دوریان بخاتەوە.

**سەرەتای فێبریوەری ٢٠٢٢**

**پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا، کۆسپەکانی بەردەمی ناتەبایی ناو "ماڵی شیعی" نییە، بەڵکو نەتوانینی وەڵامدانەوەیە بەخواستە ڕەواکانی جەماوەری بێبەشی عێراق. بۆرژوازی لە عێراقدا بۆ پێکهێنانی حکومەت دەتوانێت بەسەر گرفتە ناوخۆیەکانیدا زاڵ بێت و حکومەت پێکبهێنێت، بەڵام ناتوانێت درێژە بە تەمەنی خۆی بدات و بەسەر خواستە جەماوەریەکاندا، باز بدات**

## درێژەی... پێویستە بێریڤان ئەیوب و سەرجەم گیراوەکانی بادینان دەست بەجێ و بێ قەیدو شەرت ئازاد بکرێن!

مامەڵەی دادگادا کە دادگایی خستنی دواخستوەو دوا دەخات، چەندین جار دەستی داوەتە مانگرتن، بەو هۆیەشەوە تەندروستی تێکچووەو توشی نەخۆشی شەکرە بووە.

ئەم مامەڵەیەی پارتی لەگەڵ گیراوەکانی بادینان و هەڵسوراوانیدا، و تۆمەت بۆ داتاشینیان، هێندە رەفتارێکی قێزەون و نا ئینسانییە، کە دەزگا سەرکوتگەرەکانی بەعسی گۆڕ بەگۆرمان بەبیر دێنێتەوە. پارتی لە کاتێکدا تۆمەتی تێکدانی ئاسایشی نیشتیمانی دەداتە پاڵ هەڵسوراوان و چالاکوانانی بادینان، کە بەرچاوی خەڵکی کوردستان و دنیاوە، هێزی سەبازی و دەیان بنکە و بارەگای تورکی و ئیرانی لەسەراسەری کوردستاندا هەن و تەراتێن دەکەن. لەقولایی کوردستاندا بە فرۆکەی بێ فرۆکەوان و کادر و ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی و ئیرانی تیرۆر دەکرێن و دەفرێنرێن...

بەخشینەوە تۆمەتی تێکدانی ئاسایشی نیشتیمانی، بۆ هەڵسوراوانێک کە بۆ موچەو خزمەتگوزارییەکان بەشداری خۆپیشاندانیان کردووە، هێندە درۆیەکی ئاشکرایە، ناتوانێت کەس فریوبدات، جگە لەوەی دەسەلات هێندەی تر دەخاتە بەردەم بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییەوە و رقی شۆڕشگێرانەی جەماوەری ئازادیخواز ئەستورتر دەکات.

پارتی بە دەستگیرکردنی هەڵسوراوانی بادینان و هێشتنەوەیان بۆ ماوەی زیاتر لەساڵێک بێ داگایی و یەکێتی بە دەستگیرکردنی هەڵسوراوان و لەبەرکردنی جلی پرتەقاڵی... ترس و هاوکات ماهیەتی سەرکوتگەرانەو کۆپی ئاسای داعش و بەعسی خۆیان، نیشان دەدەن.

جەماوەری ئازادیخوازو ئینسان دۆست، لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ و دادوەرانی سەربەخۆ و پێشکەوتنخواز، هەموو حزب و ریکخراوەیەکی سیاسی ئازادیخواز و رێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەرکیانە بۆ ئازادکردنی بێریڤان ئەیوب و سەرجەم گیراوەکانی تر، تەوژمێکی تری نارەزایەتی فراوان وەرێخەن و ئەو رەفتارە بەعسی و داعش ئاسایەیەش، ریسوا بکەن و دنیای شارستانی لێ ئاگادار بکەن....

## درێژەی...شەپۆلی سەرما و بەفرو باران، هێندەی تر ژیان لە هاوڵاتیانی نەدار و هەژار تاڵ دەکات!

سەرمایەک کە لەگەڵ بەفرەکە هات، ماڵە ساردو سرەکانی، بەهۆی نەبوونی سوتەمەنیەوە ساردتر و ژیانکردن تیایدا سەختر کرد، چەند خێزانیکیش بوونە قوربانی غازی سۆباکان و گیانیان بەخشی.

جەماوەری بێبەش و هەژاری کوردستان، لەپاڵ گرانی و بێکاری و نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکان، شەپۆلی سەرما و باران، ژیانی بەرەوە شێواوی بردون، هۆکاری ئەمەش بێدەربەستی دەسەلاتی سیاسییە، کە لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵگە لەسەر دەریای نەوت و غازە، بەلام هاوڵاتیەکانی دەستیان پێی ناگات و گرانی نەوت و غاز، بەجۆریکە کە خێزانە کریکار و زەحمەتکیشەکان توانای کرینیان نییەو دەسەلاتیش ئامادەنییە سوتەمەنی پێویستیان بۆ دابین بکات. لەوەش واوەتر ئەم دەسەلاتە هێندە لاباکە، کە تەنانەت ئامادەیی بۆ روبەڕووبوونەوە لەگەڵ کەمترین شەپۆلی سەرما و باران و بەفردا نییە، و جەماوەر بەهۆیەوە یان رەق دەبنەوە یان دەبن بە خەڵوز و یانیش لافاو لەناو ماڵەکانیادا ئامبازیان دەبێت و ئازیزانیان دەرفێنێت... ئەو کارەساتانە لە کاتێکدا روودەدەن، کە چەند مەتر ئەولای خانووە هەژار نشینەکان، ژیانی شاهانەی بێ مەترسی کۆشکەکانی سەرمایەداران و بەرپرسە حزبییەکان، دەچەرخێ و خەبەرێک لەسەرماو و لافاو نییە. ئەمە چ دنیایەکە کە بۆ کەمایەتیەک بەهەشت دەچەرخێ و بۆ جەماوەرێکی فراوان، دۆزەخێک هەڵدەسوری و هەدا نادات و قوربانی دەوێت.

هۆکاری ئەم واقعیەتە تاڵە، نابەرابەری چینایەتییە. بوونی دەسەلاتێکە کە پایەکەی لەسەر زوڵم و بێمافی جەماوەری فراوانی خەڵک رۆنراوە، تا کەمایەتیەک تەنها بەو هۆیەوە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و سامانن، شاهانە بژین و جەماوەری نەدار و هەژاریش، نەدارتر و هەژارتر بن و ببنە قوربانی نەبوونی و دەست تەنگی... دەسەلاتی بۆرژوازی کورد، دەسەلاتی کەمایەتیەکی تالانچییە کە نوێنەرایەتی چینی داراو سەرمایەداران دەکات، ئەو دەسەلاتە تاوانباری سەرەکی هەموو موسیبەتەکانی ئێستای جەماوەری بێبەشە و سەرئەنجامیش دەبێ لە راپەرین و خرۆشانی سبەینێ چەوساوەکاندا باجی ئەم تالانیە و ستەم هەزار سەرە بدات، بەتایبەتی کە ئینسانی ناچار بەوە کردووە بەهۆی نەبوونی ماڵی تۆکمەو و کارەبا و سوتەمەنییەوە، قوربانی بدات.

# ئۆڵۆمپیاتی پەکینگی و چەند رووی سەرمایەداری

**نووسینی: بنار مستەفا**



لە چەند رۆژی داهاتوودا لە پەکینگی پایەختی چین ڕێورەسمی دەسپێکی ئۆلۆمپیاتی زستانە بەرێوەدەچێت. لە پاڵ کۆرۆنا و حاڵەتی نائاسایی دنیای ئەمڕۆدا، هاوکات لاوازی دۆخی مافی مرۆڤ لە چین هاتۆتە ئاراوە و باسێکی گەرمە. تا ئاستی ئەوەی هەندێک لە ولاتان بایکۆتی دیپلۆماسی ئۆلۆمپیات بکەن.

بایکۆتی ئۆلۆمپیات بابەتێکی نوێ نییە و لە سەردەمی جەنگی ساردا دیاردەیەکی بەرچاو بوو. ئەمریکا و زیاتر لە ٤٠ ولاتی تر ساڵی ١٩٨٠ بایکۆتی ئۆلۆمپیاتی مۆسکۆیان کرد. لە بەرانبەردا یەکێتی سۆڤیەت و ولاتانی نزیک لەم بلۆکە بایکۆتی ئۆلۆمپیاتی ١٩٨٤ی لۆس ئانجلسیان کرد. هەروەها لە زۆر پاڵەوانێتی وەرزشی تردا لەسەر بنەمای هێڵی سیاسی و هاوپەیمانی بڕیاری بایکۆت پیادە دەکرا.

لە جەنگی ساردا وەرزشکاران دەبوونە قوربانی جەنگی سیاسییەی زلهێزان و هەڵبژاردەی بایکۆت. گەیشتن بە ئۆلۆمپیات خەونی سەرەکی وەرزشوانانە و لە پێناویدا راهێنانی بەردەوام ئەنجام دەدەن و لە دەوری رۆتینی ژیانی بۆ دادەرێژێن. بەلام بڕیاری بایکۆت بەهۆی سیاسەتی ولاتانەوە رەنگە ئەو تەنها چانسەی بۆ گەشتن بە ئۆلۆمپیات هەیانبوو، بە ناچاری لە گۆر بنێت.

بایکۆتی ئەم جارەی ولاتان لە بەرانبەر چین دیپلۆماسییە. واتە وەرزشکاران نابنە قوربانی و ولاتان دیپلۆماتکارانی خۆیان نانێرنە پەکینگ. تا ئێستا دە ولات و لە نێویاندا بەریتانیا، ئوسترالیا، هۆڵندا، دانیمارک و کەنەدا رایانگەیاندووە، کە بە هۆی خراپی دۆخی مافی مرۆڤ لە چین، بایکۆتی دیپلۆماسی ئۆلۆمپیات دەکەن.

ئەوەی وەرزشوانان نابنە قوربانی لە هەڵبژاردی بایکۆتی ولاتاندا، هەنگاوێکی ئەرێنییە بە بەراورد بە سەردەمی جەنگی سارد. هەروەها ئاماژەدان بە لاوازی دۆخی مافی مرۆڤ لە چین و گرتنەبەری رێوشوێن لە شکڵی بایکۆتی دیپلۆماسی، خاڵی پێشرەون و پێویستە هەمیشە لە بەرانبەر ئەو ولاتانەدا بگرێتە بەر، کە بە رێکخستنی بۆنەی وەرزشی هەوڵی داپۆشینی سیاسەتی چەپەڵ و دژەمرۆییان دەدەن. بەلام کاتێک فراوانتر لە سیاسەتی ئەم ولاتانە ورددەبینەوە، ئەم هەڵوێستەیان بەرگەی پێداچوونەوە ناگرێت.

ئەم ولاتانەی بڕیاری بایکۆتی دیپلۆماسی ئۆلۆمپیاتی پەیکینگیان داوە بەهۆی خراپی دۆخی مافی مرۆڤەوە، پەیوەندی دیپلۆماسیان بە گشتی لەگەڵ چین نەپچراندووە. بەجیا لەوەش پەیوەندییەکی فروانی ئابووریان لە نێواندا هەیە. گەورە سەرمایەدارانی ئەو ولاتانە بۆ گەشتن بە هێزی کاری هەرزان بەشێک لە کارگە و پرۆژە پیشەسازییەکانیان دەبەنە چین. بۆچی هەموو ئەم پەیوەندییە فراوانانەی تر بە ئاسایی تەماشا دەکەن و نیازیان نییە هەڵوێستێکی تر نیشان بدەن؟

ئەمە نمونەیەکی بچووکە لە دووڕوویی "یان دروستتر چەند ڕووی" ولاتانی سەرمایەداری لە هەڵویست و سیاسەتیاندا. ولاتانی وەک چین و قەتەر بە رێکخستنی بۆنەی وەرزشی ناتوانن پێشێلکارییەکانیان بشارنەوە، ولاتانی رۆژئاواش بە هەمان شێوە بە راگەیاندنی بایکۆتی دیمپلۆماسی رووخساریان بە بەرگیرکاری مافی مرۆڤ ناگۆڕدرێت، بەڵکو دووڕوویی و چەند رووی ئەم سیستەمانە، نیشان دەدات.

**کۆتایی جانیوەری ٢٠٢٢**



# تاڵیبان بە هیچ جۆرێك نوێنەرایەتی خەڵکی ئەفغانستان ناکات

نووسینی: ئەکرەم عەبدوڵا

ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی 23 ی ئەم مانگە وەفدێکی تاڵیبان لەسەر بانگهیشتی وەزارەتی دەرەوە گەیشتنە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج. میوانداریەکەیان 3 ڕۆژی خایاند، تێچووی ئەم سەفەرەیان لەسەر حکومەتی نەرویج کە برەکەی نزیکەی 20 ملیۆن کرۆن بوو. ئەمەریکا دوای فەشەلی سیاسی و سەربازی لەعێراق، ئەفغانستان دووەم ولاتە کە هێزەکانی پاشەکشە پێ ئەکات و ئەو کۆمەلگەیە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی 40 ملیۆن ئینسان ئەبێت دایە دەست تیرۆریستانی تاڵیبان. ئەمانە نەک نامۆن بە کۆمەڵگەو کەسانی ئازادیخوازو سیکۆلاری ئەم سەردەمە، و بەهیچ پێوانەیەک ناگونجێن بۆ دەسەلاتدارێتی و بەرێوەبردنی کۆمەڵگە، بەڵکو ئەگەر بەرژەوەندی ئەمەریکاو چاوچنۆکی ولاتانی سەرمایەداری جیهان نەبوایە، ئەبوایە تاڵیبان و دەستەوتاقمە ئیسلامیەکانی تر وەک و شتە ترسناکەکان و زیانبەخشەکان لە کۆمەڵگە دوور بخرایانەتەوە. لەماوەی مانەوەی 3 ڕۆژی وەفدی ئەفغانستان بێجگە لەنەرویج، ولاتانی تری ئەوروپی وەک ئەلمانیاو فەرەنساو بەریتانیا کۆبوونەوەیان لەگەل کردووە. ئەم کۆبوونەوانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نیشانەی دانپێدانانی ئەم ولاتانەیە بە دەسەلاتە کۆنەپەرست و دیکتاتۆریەکەی تاڵیبان. لە سالی2001 دا کە گروپی تیرۆرستی قاعیدە کارە تیرۆریستەکەی ئەمەریکای ئەنجامدا، ئەمەریکاو ولاتانی ئەوروپی قاعیدەو تاڵیبانیان خستە ناو لیستی تیرۆرەوە. دوای ئەو هێرشە ئەمەریکا بە ولاتانی جیهانی ڕاگەیاند یان لەگەڵمان بن یان دژ، دواتر دەستی دایە هێرش بۆسەر ئەفغانسان و داگیری کرد، کە بووە هۆی روخانی دەولّەتی تالیبان و داسەپاندنی دەولەتێک بەخواستی خۆی بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا 20 . ساڵ جەنگ لە ئەفغانستان بووە کوشتنی هەزارەها سەربازی ئەمەریکی و خەلکی بێ دیفاعی ئەو وڵاتە. پێنج ملیۆن ئینسان ئاوارەبوون بۆ ولاتانی ئێران و پاکستان بێجگە لەو ژمارە زۆرەی کە ئاوارەی ئەوروپا بوون، وێرانکردنی سەرخان و ژێرخانی ئەو کۆمەڵگەیەو تا کار گەیشتە بەوەی خەلکی لەنزمترین ئاستدا ژیان بەسەر بەرن. ڕادەستکردنی ئەفغانستان بە گروپی تیرۆریستی تالیبان کە خاوەن میتۆدێکە کە هی 14 سەدە پێش ئێستایە، جارێکی تر خەڵکی ئەفغانستان بەگشتی و ژن و منالانی ئەو کۆمەلگەیە خرایەوە ژێر دەسەلاتی شەریعەت و کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی، نابوت کردنی هەر وێنەو سیمایەکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەفغانستان کە ئەمەش سەرەنجام باجە گەورەکە خەلکی کرێکارو زەحمەتکێش ئەبێت بیدات. ئامانج لەم سەردانە ئەوەیە کە سەبارەت بە قەیرانە مرۆییەکان و مافەکانی مرۆڤ و خوێندن بۆ کچان و ژنان و بەشداری ژنان لە حکومەت و دامودەزگاکانی تاڵیباندا، لەگەڵ بزووتنەوەی ناوبراودا گفتوگۆ بکرێت، لە بەرامبەریشدا داوای تالیبان لەم دەولەتانە بەپێی ڕاگەیاندنەکانی دەولّەتی نەرویج، ئازادکردنی پارە بلۆککراوەکانی ئەفغانستان لە ئەمەریکاو دانپێدانانی دەسەلاتەکەیی و بەردەوامی کۆبونەوەکانیان بێت لەگەل وڵاتانی ئەوروپیدا. بانگهێشتکردنی تالیبان وەک و نوێنەرو قسەکەری ئەو کۆمەڵگەیە ناحەقیەکی گەورەیە کە نەوریج و ولاتانی ئەوروپی بەرامبەر خەلکی ئەفغانسان ئەنجامی ئەدەن، ئەوان سەپێندراون بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا، نەک لەرێگەی هەلبژاردنێیکی ئازادانەوە دەنگیان پێدرابێت. هیچ هێزو لایەنێک ناتوانێت ئەو هەقە بەخۆی بدات کە دان بەو تاوانبارو تیرۆریست و ئینسانکوژانە بنێت وەکو نوێنەری خەلکی مەحرومی ئەفغانستان. خۆشباوەرییەکی زۆری سیاسەتمەدارانی نەرویج و ئەوروپا بە ئیسلامی سیاسی گەیشتۆتە ئاستێک کە پێیان وایە ئەتواندرێت میانرەوبن و ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ و ژنان و منالان بگرن و ئازادی هەلسورانی سیاسی بۆ خڵلک دابین بکەن. تێروانینێکی ساویلکانەو خۆلکردنە چاوی کۆمەڵگەی ئەورپییە دەربارەی حیزب و گروپە ئیسلامیەکانی خۆرهەلاتی ناوەراست کە بوونەتە هۆی وێرانکردنی کۆمەڵگەکانیان. تیرۆری ئازادیخوازو رۆشنبیر و داسەپاندنی حیجابی ئیجباری



بەسەر ئافرەتان و بەرەوابونی ئیغتیصابی منالان بەناوی زەواجەوە و سەرکوتکردنی هەر دەنگێکی ئازادیخواز کە دەنگ هەڵبرێت لەو کۆمەڵگەیانەدا کە تالیبان و حیزبە ئیسلامیەکانی تر بالادەستن تیایاندا. بانگکردنی شاندی تاڵیبان بۆ ئەورپاو کۆبوونەوە لەگەڵیدا و هێنانیان بە فرۆکەی تایبەت بە پارەی نەرویج کە ملیۆنەها کرۆنی تێ ئەچیت، پاریزگاریکردن لێیان، هەموو ئەو ئیدیعایانە پوچ ئەکاتەوە کە زیاتر لە 20 سالە لەسەر تیرۆر لەدەزگا ڕاگەیاندنەکان و کۆبونەوە ڕەسمیەکانی خۆیاندا ئەمەریکاو ولاتانی ئەوروپی ئەیدەن بەگویی خەلکی ئەم گۆی زەویە. درۆیەکی گەورەو مایەپوچە کە بە تالیبان و داعش و بوکوحرام و گروپ و حیزبە ئیسلامیەکانی تر ئەڵێن دژیانین و ناویان لە لیستی ڕەشی تیرۆردا داندراوە. یەکێک لە بەشداربوانی شاندە 15 کەسەیەکەی تالیبان بۆ گفتووگۆ هاتببون بەناوی (ئەنەس حەقانی) تەمەن 27 سال لە ئەمەریکادا خراوەتە لیستی ڕەشەوە، ناوبراو برای بچوکی سەراج الدین حەقانیە (سەراجەدین حەقانی سەرۆکی بزووتنەوەی حەقانیە و ئێستا وەزیری ناوخۆی تاڵیبانە. ئەو بزووتنەوەیە لەپشت زۆربەی کردەوە تیرۆریستیەکانی ئەم ساڵانەی دواییەوەیە کە بۆتە هۆی مەرگی هەزاران کەس لە خەڵکی مەدەنی.) ئەنەس حەقانی لەلایەن لێکۆلەرەوانی فیدرالی ئەمەریکا داواکراوە بە تۆمەتی هێرشی تیرۆریستی یەکێک لەوکارە تیرۆریستیانەی ئەنجامیداوە هێرش بوو بۆ سەر هوتێل سیرینا سالی 2008 لەکابول، وە یەکێک لە کوژراوەکانی ئەوهێرشە ڕۆژنامەنوسێکی نەرویجی بوو بەناوی (کارستن تۆماسن) تەمەن 38 ساڵ. بەم هەنگاوەیان نەرویج و ولاتانی تری بەشدار بوو لەکۆبونەوەکانیان لەگەل شاندی تالیبان سەلماندیان، ئەوانەی کاری تیرۆریستی ئەکەن و پێشتر لە لیستی ڕەشدا بوون ئێستا ئەتوانن بە فرۆکە هاتوچۆ بکەن و ولاتانی ئەوروپا بگەرێن بێ ئەوەی هیچ کەسێک لێیان بپرسێتەوە، کە ئەمە هیچی تر نییە بێجگە لە سوکایەتی بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەفغانستان و ولاتانی دونیا، کە سالانێکی زۆرە خەبات لەدژی حیزب و گروپە ئیسلامیە تیرۆریستەکانی ناوچەکە ئەنجام ئەدەن. بۆیە نە حکومەتی نەرویج و نە هیچ ولاتێکی تر بۆی نییە تالیبان وەک و نوێنەرو قسەکەری خەلکی ئازادیخوازی ئەفغانستان بناسێنن. نابێت کۆمەک و ئیمکاناتێک کە بۆ خەلکی کرێکارو زەحمەتکێشی ئەفغانستان ڕەوانە ئەکرێت لەم وەزعە ناخۆشەی کە تێی کەوتوون بدرێتە دەست بەرپرس و چەکدارانی تاڵیبان، چونکە ئەوان بە هاوکاری ئەمەریکا داسەپێندراون، نەک هەلبژێردراوبن لە لایەن خەلکی ئەفغانستانەوە.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارِەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارِەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلارِی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com



# لەم ژمارەیەدا جیهاد محەمەد وەڵام بەپرسی ڕۆژ دەداتەوە

**پشووە ڕەسمیەکانی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟**

جیهاد موحەمەد: ڕاستی لە هەموو وڵاتێکیدا، لە هەموو ئیدارەیەکی سەربەخۆدا، وەک ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە چەندان پشووی ڕەسمی هەیە. پشووەکان سەرجەمیان بە یاسا ڕێکخراوان. وەک پشووی ڕۆژانی نەتەوەیی و ئاینیی و جەژنەکان. هەندێک پشووی لە ناکاو هەیە، بە هۆکاری ڕوودانی کارەساتەکان، وەک جەنگێکی کوتوپڕ، کارەساتی لافاو، کارەساتی بەفر و باران و زریانی زۆر و ترسناک یان کارەساتی بوومەلەرزە. هەڵبەت زۆرجار ئەم پشووە لە ناکاو و پێویستیانە، کە مەبەست پاراستنی گیانی هاوڵاتیانە، تەنها ئەو ناوچە و شار و شارۆچکانە دەگرێتەوە کە کارەساتەکە تیایدا ڕوو دەدات.

پشووە ڕەسمیەکان لە هەرێمی کوردستاندا، جەژنە ئاینیەکان و نەورۆز و هەندێک بۆنەی تایبەتی دەگرێتەوە، وەک پشووی یانزەی ئازار. بۆ جەژنە ئاینیەکان وەک جەژنی ڕەمەزان ٣ سێ ڕۆژ پشووە، جەژنی قوربان ٤ چوار ڕۆژ پشووە. پشووی فێرگەکان بە پێی ستانداری جیهانی ئەبێت تەنها ٢ مانگ بێت، بە نموونە لە ٢٠ی مانگی شەشەوە تا ٢٠ی مانگی هەشت. دیارە هەر وڵاتە و بە پێی سارد و گەرمی و مەناخی وڵاتەکەی خۆی بڕیار دەدات لە چەندەوە دەست پێ بکات بۆ چەند، گرنگ ئەوەیە تەنها ٢ دوو مانگ بێت.

به پێی یاسای/پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا ئەبێت ڕۆژانی خوێندن و کرانەوەی فێرگەکان ١٧٠ ڕۆژ بێت، هەفتەیەک لانی کەم پێنج ڕۆژ و ڕۆژی لانی کەم ٤ چوار سەعات ئەبێت خوێندن هەبێت.

ئەم پێشەکیەم بۆیە بۆ خوێنەران نووسی، کە لەگەڵ ڕەخنەکانیشمان لەسەر ئەم پشووە زۆرانە، بە چاوپۆشیمان لە ڕەخنەکانمان. بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندان جار ئەم پشووانە درێژ دەکاتەوە بە پاساوی بێ مانا؟ ڕاستیەکەی ئەوەیە، کە ئەم ئیدارە و حکومەتە وەک هەر کارێکی تریان گوێ نادەن بە گەشەی ئابووری و کارکردن و چالاکیەکانی پەروەردە و خوێندن، ئەوەی لایان گرنگە داپۆشینی ئەو بێکاریە زۆریە کە یەخەی خەڵکی کوردستانی گرتووە، چونکە لە هەر پشوویەکدا کە چەندان ڕۆژ دەخایەنێت، ئەیکەن بە پاساو بۆ ئەوەی کە خەڵک لەماڵەکانی خۆیاندا بمێنەوە و بیانووی هەلی کارکردنیان ببڕن بە ناوی پشووەوە. جگە لەوەش ئەم پشووە بێ مانا و بێ بەها و نا پێویستیانە بۆ ئەوەیە کە نارەزایەتییە یەک لە دوای یەکەکانی خەڵکی نارازی بوەستێنن. هەر ئەوەندەی فێرخوازانی زانکۆکان دەستیان کرد بە خۆپیشاندان و پێیان داگرت لەسەر مافە ڕەواکانی خۆیان بۆ بێدەنگکردنیان حکومەت پەنا بۆ داخستنی زانکۆکان دەبات. بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن کە داخستنی مەڵبەندی مەعریفی لەگەڵ هەموو ڕەخنەیەکمان لەسەر خوێندنی باڵا، زیانێکی گەورە بە مەعریفە و خوێندن دەگەیەنێت.

سەرەڕای ئەمانە هەمووی لە بەفربارینێکی وەک ئەوەی ئەم ساڵ کە چەند ناوچەیەکی گرتەوە، حکومەت یەکسەر پشووی بۆ چەند هەفتەیەک ڕاگەیاند، کە ڕاستیەکەی تەنها لە سلێمانیدا دوو ڕۆژ پێویست بوو، لە پێنجوێن و تەوێڵە و بیارەدا ڕەنگە یەک هەفتە زیاتر پێویست نەبووبێتت.

پشووی یانزەی ئازار وەک ئاماژەمان پێدا یەک ڕۆژە، بەڵام ساڵانە لە ١١ی ئازارەوە دەکرێت بە پشوو هەتا ٢٢ی ئازار.

# چی لەپشتی ڕووداوەکەی حەسەکەوە بوو؟ ڕێگاچارە چییە؟



نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

ئەوەی لەم ڕۆژانەدا لە حەسەکە ڕوویدا و پەلاماری زیندانی داعشە دەسگیرکراوەکان درا لەلایەن داعش و شانە نووستوەکان و ئەوانەی لە دەرەوە هاتبوون، لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت. یەکێک لەو ڕوانینانە ئەوەیە کە ئەمە پیلانێکی نەخشە بۆدارێژراو بووە لە لایەن تورکیاو بەرەی ناتۆوە بۆ نیشاندانی هێزی خۆیان لە بەرانبەر ڕوسیاو هاپەیمانەکانی کە ئێستا سوپایەکی سەدان هەزار کەسی لە سنوری ئۆکرانیا کۆکردۆتەوە بۆ هەڕەشە لە ئۆکرانیاو لە ناتۆش. ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هاوکاری هێزەکانی سوریای دیموکراتیان کرد و بەیەکەوە داعشیان سەرکوت کرد. ئەوە وەکو سەرکەوتنێک بۆ بەرەی ئەمەریکا و ناتۆ، دیتە پێشچاو و هاوکات هۆشداریەک بوو بۆ ڕوسیا لە ئۆکرانیا، کەویستیان لەو ڕێگایەوە بە ڕوسیا بڵێن ئەوە هێزی ئێمەیە و هێرش بۆسەر ئێمە و هاوپەیمانەکانمان لە هەر سنورێکەوە، هێڵی سورە.

پیلانەکە بەتورکیا سپێردراوەو لە سەرەتاوە تورکیاش بەمەبەستی لێدان لە ئەزموونی ڕۆژئاوا پێشوازی لێ کردووە، بەڵام تورکیا لەم مەئموریەتەیدا و بەهۆی شکستی داعشەوە، توشی ریسوایەکی تر هات و شکستی خوارد. بەشداری و هاوکاری ئەمریکا بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات، لەم چالاکیەدا بۆ ئەوەبوو تا بتوانێت جارێکی تر هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێ، لەبەرانبەر ڕەقیبە روسی و سوریەکەی گرنگی مانەوەی هێزەکانی خۆی لە خاکی سوریا، بە پاساوی مانەوەو مەترسی داعس درێژ بکاتەوەو هاوکاتیش پەیامێک بدات بە هەرەشەکانی روسیا لەدژی ئۆکرانیا.

بۆ بەرەی ئازادیخوازی دونیا سەرکەوتن بەسەر تیرۆریزمی ئیسلامیدا لەلایەن هەر هێزێکەوە بێت جێگای پێشوازییە. لێرەدا هێزەکانی سوریای دیموکرات و ژنان پیاوانی چەکداری حەسەکە هیزی سەرەکی و بناغەیی لە تیکشکاندنی پلانی تورکیا و داعشدا بوون. بەڵام ئەمریکا و دەیەوێت ئەم سەرکەوتنە بەناوی خۆیەوە تۆمار بکات و لەڕۆڵی هیزەکانی سوریای دیموکرات کەم بکاتەوەو کەم ڕەنگی بکات.

ئەمریکا و غەرب کە خۆیان هۆکاری دروستبوونی داعش و ڕەوتە هاوشیوە ئیسلامیەکانیانن، ناتوانن ئەم چالاکییە لەدژی پلانی داعش، بەناوی خۆیانەوە تۆمار بکەن، بەتایبەتیش کە ئەمریکا و غەرب خۆیان لەسەر ترۆپکی تیرۆریزمی نێو دەوڵەتیدا، جێگایان گرتووە. بەجیا لەوەش تیرۆریزمی نێو دەوڵەتی بەدژی تیرۆریزمی ئیسلامی، زۆتر تاکتیکی و برگەییە و ئەمریکا و غەرب زۆر سانایە بۆیان لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەست بکەنە ملی تیرۆریزمی دەستەو تاقمە ئیسلامیەکان و ئەزموونە قێزەونەکەشی بە فەرمی بناسن، ئەزموونی جەنگ لە دژی تاڵیبان لە ئەفغانستان باشترین بەڵگەی زیندووە، کە چۆن تاڵیبانیان ڕوخاند و پاشانیش چۆن هەر خۆیان هێنایانەوە سەر دەسەڵات. ئەوە بەجیا لەوەی تیرۆریزمی نێو دەوڵەتی ئەمەریکا کە بووەتە هۆی کوشتن و برسیکردنی سەدان ملیۆن خەڵک لەشەڕەکانی و گەمارۆکانی لە ڤیتنام و عێراق و ئەفغانستان و کوبا و ڤەنزوێلا و سۆماڵ و زۆر وڵاتی تر و یەکێکە لەو وڵاتانەی چەکی کیمیایی و فۆسفۆری و کۆکوژو ناوکی لەدژی بەشەریەت بەکارهێناوە.

بەرەی کۆمۆنیست و چەپ و ئازادیخوازی دونیا، ئەمریکای ئەمپریالیست و بە سەرچاوەی تیرۆر و ژینگەسازکردن بۆ تیرۆر دەزانن. دەزانن ئەمەریکا چی دەوێ و چۆن ئامادەیە لە پێناو سیاسەتەکانی خۆیدا دەست بخاتە ناو دەستی چەپەڵ ترین ڕژێمی ئینسانکوژ و تاقمی تیرۆریست. تورکیا بە بەرچاوی ئەمریکاو غەربەوە، عەفرینی داگیرکردو لافاوی خوێنی خولقاند، کەچی بێدەنگەیان لێی کرد و بەم بێدەنگەکردنەش هەم پشتیوانیان لەم داگیرکارییە کرد و هەمیش بوونە پشتیوانی بەکردەوەی ئەو داگیرکارییە ئاشکرایە.

بۆیە خۆشباوەڕی هاوپەیمانی کردن لەگەڵ ئەمەریکا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاواوە جێگای ڕەخنەی بەرەی کۆمۆنیست وچەپ وئازادیخوازی دونیاو بەتایبەت کۆمۆنیزمی کرێکارییە .

پشتیوانیکردن لەدەسکەوتە مرۆیەکان کە لە ڕۆژئاوا کە بوونەتە یاسا وەک بەرێوەبردنی کۆمۆنی و هێنانە مەیدانی ژنان و هەوڵدان بۆ یەکسانی ژن و پیاو وە هەلوەشانەوەی سزای لە سێدارەدان و هاوسەرگیری مەدەنی وهەندێ یاسای تر و نەبوونی گەندەڵی و دزینی سامانی گشتی لە لایەن دەسەڵاتدارانیەوە گرنگە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هاوپەیمانیەتی کردن لەگەڵ ئەمریکا و خۆ هەڵواسین بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە جێگای چاولێ پۆشین بێت. دیارە ئەو هەنگاوانەی دەسەڵاتی ڕۆژئاوا لە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی چەپ وکۆمۆنیستەکان وهێزی رادیکاڵی کۆمەڵگای جیهانیە، کە لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە لەزۆر وڵاتی تری جیهان بوونەتە دەسکەوت و یاسا .

لە هەر کۆمەڵگایەکی چینایەتی و باڵادەستی بۆرژوازیدا ئەم دەسکەوت و یاسایانە ناکاتە ئەوەی باڵی دەست ڕۆشتووی بۆرژوازی پێشکەوتووخوازو ئینسان دۆستە، بەڵکو دەکاتە ئەوەی ئەم باڵانە زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەرەی بەرەی پێشکەوتووخوازو ئینسان دۆستەوە. ئەو هیزانەی لە ڕۆژئاوا حاکمن، هێز گەلێکی پۆپۆلیست و ناسیونالیستی سەر بەچینی بۆرژوازین و پێشکەوتووخواز نین. چونکە هێشتا کۆمەڵگەی کوردستانی ڕۆژئاوا لە ژێر ڕکێفی سیستەمی سەرمایەداریە و کاری کرێ گرتە وبێکاری دیاردەکانی تری ناو کۆمەڵگای چینایەتی سەرمایەداری بوونی هەیە، لێرەدا دەمەوێ بە ئاشکرا ئەوە بڵێم لە ڕۆژئاوادا هەر بۆرژوازی حاکمە و سەرمایەداری بوونی هەیە، بەڵام دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا لەدەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان جیاوازترن و بەشێکی جیاوازییەکانی خۆیان نیشانداوە، بەڵام ئەوەی جیاو دابڕاوبن لە ڕەوتی بۆرژوا - ناسیولیست، دورەو لە ڕاستیەوە. دەسەڵاتدارانی باشور یا هەرێمی کوردستان، نەک لە ژێر کاریگەری چەپ وئینسان دۆستیدا نین، بەڵکو زۆر بە توندی دژی دەسکەوتەکانی مرۆڤن کە لە کوردستانی سوریا و وڵاتانی ئەوروپی و ڕۆژئاواو یابان و کۆریاو روسیاوچین وکوبا..هتد بەدەست هاتوون .

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەو ڕاستیە دەزانن کە دەسەڵاتی ڕۆژئاوا لە ژێر کاریگەری چەپ و ئازادیخوازی و ئینسان دۆستیدایە، تەنانەت کۆپیەکی پەکەکەیشە کە خۆی دژیەتی، بەڵام هێشتا هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە پێکدەهێنێ، چونکە سوریا بەشیوەی گشتی تا ئێستا سەنتیزو ناوەندێکی یەکلایی کردنەوەی ململانێی نێوان بلۆکە جیهانیەکانە، هەر کام لەو بلۆک و قوتبانە دەیانەوێت کەڵکی خۆیانی لێوەربگرن.

ئەم دووڕووییەی ئەمەریکا مەترسیدارە، چونکە ئەمریکا تا ئەوەندە هاوپەیمانی دەکا بەرژوەندییە ئیمپریالیستیەکانی خۆی بەدەست بێنێ.

بۆ ئەوەی ئەم مەترسییە نەمێنێ دەبێ چینی کرێکارو زەحمەتکێشی ئەو دەڤەرە خۆیان ڕێکخراو بکەن شان بەشانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سوریا، لە هەوڵی رووخاندنی رژێمە فاشیەکەی سوریادا بن و دەسەڵاتی شورایی خۆیان دامەزرێنن، لە ڕێگای ریفراندۆمەوە چارەنووسی ڕۆژئاواش دیاری بکرێ خەڵکی کورد خۆیان بڕیار بدەن بۆ جیابوونەوە وسەربەخۆیی یا پێکەوە ژیانێکی یەکسان لەگەڵ خەڵکی سوریا.

بەم ڕێگایە دەکرێ سەرجەم یاریەکانی ئەمەریکاو روسیاو تورکیا وسوریا کۆتایی بێت ژیانێکی ئارام وخۆشگوزەران و ئازادی ویەکسانی بەدی بێ و چیتر بەرژوەندیە ئیمپریالیستەکان خەڵکی ئەم ناوچەیە نەخەنە ژێر نائارامی شەڕوکوشتاری تیرۆریستانەی خۆیان وداعش و تیرۆریستە ئیسلامیەکانی ترەوە .

# ڕاگەیاندن لەنێوان پڕوپاگەندەی بازرگانی و تێکۆشانی چینایەتییدا



نووسینی: عبدالرحمن رسول

گەشەی وشیاری بۆ کۆمەڵگە زۆرگرینگە، لەبەرئەوەی جۆری ئاراستەی کۆمەڵگە دیاری دەکات. گەشەی وشیاری کۆمەڵایەتیش لەژێر کاریگەری چەند لایەنێکی کۆمەڵگەوە ئاراستە دەکرێت لەوانە سیستەم و دەسەڵاتی قۆناغی هەنوکەیی کۆمەڵگەیە کە کۆمەڵگە ڕاستەوخۆ دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، هەروەها زانکۆو لایەنەکانی خوێندن وپەروەردە کەئەمانیش لەژێر کاریگەری دەسەڵاتەوە ئاراستە دەکرێن بۆئەوەی کاریگەری گەشەی وشیاری و پەروەردەیی زانکۆ ڕاستەوخۆ ببێتە کۆڵەکەیەک بۆ پارێزگاریکردن ومانەوەی دەسەڵاتی هەنوکەیی.

دەرئەنجامی ئەمە زانکۆ و لایەنەکانی خوێندن و پەروەردە تاکێکی مرۆڤ بەرهەم دەهێنن کە دەستەمۆی یاساکان و سیستەمی جۆری دەسەڵات بێت بەگشتی، ڕاگەیاندن و بوارەکانی میدیایی بەهەمان جۆری بەشەکانی تر دەخرێنە ژێر چاودێری و پشکنینی سیستەم و دەسەڵاتی هەنوکەیی، هەربۆیە لەژێر هەبوونی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و نادیموکراتی ئەم جۆرە پاڵەپەستۆیە زۆر زیاترو پڕ هەبوونی سیناریۆ و چەواشەکاری زیاترە بۆ هاوڵاتیان، ئەمەش بۆ ئەوەی هاوڵاتی زیاتر دەستەمۆ و ڕازی بێت بە مانەوەی هەمان دەسەڵات و سیستەمی کۆنەخواز و چەوسێنەری نەگۆڕی چەندەها ساڵە بێت. هەربۆیەش ڕاگەیاندن و بەشەکانی میدیایی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەندەها نووسین و بابەت و بەرنامەی جۆراوجۆر کاریگەری نیگەتیڤ و خراپ دەخەنە سەر تاکەکانی کۆمەڵگە. خراپی ڕاگەیاندنەکان زیاتر ئەوەیە گیانی ئیرادەی تێکۆشانی چینایەتی کۆمەڵگە دەکوژن و لاوازی دەکەن. کە ماوەی چەندین ساڵە کۆی ڕاگەیاندنەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بەوجۆرە بەرنامەو نووسین وبابەت و هەواڵەکانیان بڵاوکردۆتەوە ئەمەش لەبەردوو هۆکار، یەکەم بەهۆی ئەوەی کەلایان گرینگ و بەبایاخ بووە پەیداکردنی پارەو قازانج بووە، بەلاوە گرینگ نەبووە کە چ دەبێت لەسەر ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەتەنها بەلایانەوە گرینگ بووە پارەی زیاتر پەیدا بکەن، هەروەکو ئامانجی حیزبەکان لەکوردستان. هەربۆیە زۆر ئاسان کێ پارەی زۆرتری پێداون لەوێ و بەدڵ و بەپێی سیاسەتی ئەو کاری میدیاییان ئەنجامداوە. دووەم هۆکار ئەوەیە کە پێگەی دەسەڵاتی جۆری یاسایی شارستانی و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لەجێبەجێکاری یاسایی دا ساڵ لەدوایی ساڵ بەهۆی دەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەرەوە بەزۆر پاشەکشەی پێکراوە.

ڕاگەیاندنەکان بەردەوام بەرنامەی بەسیناریۆ داڕێژراو بڵاودەکەنەوە بۆئەوەی مرۆڤەکان بەگشتی و گەنجەکان بەتایبەتی بێ ئومێدو بێ هیوا بکەن لەتێکۆشانی ڕێکخراویی چینایەتی و هێنانەدی ماف و ئازادی و کۆمەڵگەیەکی باشتر.

هەروەها چەندین پارت و ڕێکخراو و گرووپی شێواز جیاواز بەدامەزراندنی میدیای لەشێواز جیاواز دادەمەزرێندرێت، بەڵام بەهیچ جۆرێک ناتوانن خۆیان بدەن لەدانانی بەرنامەکانی کە تایبەت بە گەشەدانی چینایەتی بۆ ڕێکخراوی چینایەتی خۆیان، وەک خەڵکی کرێکارو بێکارو زەحمەتکێش و چەوساوە ئاراستە و هان بدەن، چونکە وەکو هێڵێکی سووری دەسەڵاتی ملهوڕ و چەوسێنەر دەست نیشانکراوە و کاریگەری نەرێنی خستۆتەسەر بەشەکانی میدیایی و ڕاگەیاندن کەخۆیان لەو هێڵە سوورە نادەن، کەمترین باس و بابەت کە وشیاری چینایەتی لەخۆبگرێت ناکەنە ئەرکی بەرنامەی ڕۆژانەی ڕاگەیاندن و زانکۆ و پەروەردەییەکانی کۆمەڵگە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر میدیایەک و ڕاگەیاندنێکی ئەو کۆمەڵگەیە خۆی وەکو میدیاکارێکی پرۆفیشناڵ و ڕاستکۆ و بوێرو دڵسۆزو متمانەی خەڵک دەناسێنن، بەڵام ناوەڕۆکی گشتیان دوورە لەو وشانە کە وشیاری چینایەتی گەشەپێبدات.

کارەساتی گەورەتر ئەوەیە میدیاکاران و ڕاگەیاندکارانی ژێر دەسەڵاتێکی کۆنەخوازو چەوسێنەر بابەتە سادە و نا گرینگەکانی ڕۆژانەی خەڵک پێچەوانە دەکەنەوە و گرینگی وبایەخی زۆری پێدەدەن بۆئەوەی لەلای خەڵکەوە گرینگی پێبدرێت و کاتی بۆ تەرخان بکرێت، چونکە ئامانجیان ئەوەیە کەلەکۆتاییدا بۆخەڵک دەردەکەوێت کەئەوەی بینەری بوون یان خوێنەری بوون هیچ سوودێکی ماددی ومەعنەوی بۆئەوان نییە و هیچ لەئازارو ناخۆشی و خەم وکێشە وگرفتەکانی ڕۆژانەیان کەم ناکاتەوە، بەڵکو زیاتر هاندەدرێن کە دەستەمۆی ڕۆژگاری بێ ئومێدی و چەمانەوەی زیاتری یاساکانی کۆنەخوازو چەوسانەوەی دەسەڵاتی ملهوڕی هەنوکەیی بن.

لەجیاتی ژیانی واقیعی خەڵک بکرێتە بابەتی ڕۆژ و ڕووداو و گرفت و کێشە بەردەوام و ڕۆژانەکەیان بکرێتە بابەتی ڕۆژانەی میدیاکان کە لەگەڵ باسکردنی کێشە وگرفت و قەیرانەکانی کۆمەڵگە گرینگی بە هاوخەباتی چینایەتی خەڵک بدرێت بۆ تێکۆشانێکی باشتر بۆ هێنانەدی ماف و ئازادییەکانیان، ڕێک میدیاکان بەگشتی لەسەر پێچەوانەکەی کار دەکەن و بەرنامە و هەواڵ وبابەت و نووسراوەکانیان بڵاودەکەنەوە. میدیاکان بەگشتی بەئاراستەی بێ هیواکردنی خەڵک و تێکشکاندنی خەباتی چینایەتی خەڵکی چەوساوە وەشان وهەواڵ وبابەتەکانیان بڵاودەکەنەوە.

بەرنامەی هەفتانەیان بەموبەلیغان وئاژیتاتۆران و هەڵسوڕان وقسەکەرانی کۆنەخوازو دواکەوتوو یان خاوەن بیروباوەڕی دژەئینسانی درێژە پێدەدەن. کاتێکیش باسی بارودۆخی ژیانی کرێکارو هەژاران دەکرێت بەجۆرێک باسی دەکرێت وبەرنامەی لەسەر دەکەن کە زۆر لاواز و بێ ئیرادە لەژیان نیشان دەدرێت، داوا دەکەن کە خەڵک خێرو سەدەقەی پێ بکات و بۆئەوەی کرێی خانوو یان خواردن و چارەسەری نەخۆشییەکان بۆ ئەنجام بدرێت. ئەم جۆرە ڕاگەیاندن ڕێک جارێکی تر ملشکاندنی خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش و کرێکارو بێکاری کۆمەڵگەیە. لەبەرئەوەی ڕاگەیاندنی دروستی ئینسانی ئەوەیە کە دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە و بوێرانە پشتیوانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و بێکار بکات وەکو ئەوەی کە مافی ڕەوای خۆیەتی کەدەستی ڕابگات بە سەرجەم خزمەتگوزارییەکان و کرێی هەقدەستی ڕۆژانەو مانگانەو بیمەی بێکارو بیمەی تەندروستی و سەلامەتی و خانەنشینی و کۆی بیمەکانی تر وەکو مافێکی ڕەوا هەقی خۆی پێی بدرێت و ناکرێت لەژێر هیچ بیانووێکەوە و ئەومافانەی لێ زەوت بکرێت و پێی نەدرێت، نەک وەکو ئێستا ڕاگەیاندنە کوردییەکان بەرنامەی بۆساز دەکەن بۆ کردنەوەی سندوقی خێر بۆیان کەدواتر کەسیش نازانێت ئەو پارە چۆن و چی لێ بەسەردێت و چەند بەدەست ئەوکەسانە دەگات!! ئەرکی ڕۆژنامەنووسانە ئەمانە پێچەوانە بکاتەوە دڵسۆزانە بەرگری لەهێنانەدی ماف وئازادییەکان بکات.

ئەم جۆرە میدیایانە ڕێک دژایەتی بەرژەوەندی و مافی و چینی کرێکارو زەحمەتکێشی کۆمەڵگەیە، هەرچی دەیکەن و ئەنجامی دەدەن دەچێتە سەبەتەی بەرژەوەندی دەسەڵاتی چەوسێنەرەوە.

ئەم ڕاگەیاندنانە بەهەمان شێوەی ئەو حیزبە دروستکراوانەی دەسەڵاتە کە بەناوی هەبوونی حیزبی ئۆپۆزیسیۆن لەکۆمەڵگەدا، کاتێک کرێکارانی ژینگە پاککەرەوەی خیابان وکوچەو شەقام و گەرەکەکان بەهۆی پێنەدانی بیمەو قەدەستەکانیانەوە مانگرتن ئەنجام بدەن و ناڕەزایەتی نیشانبدەن، داوای لەدەسەڵاتی چەوسێنەر بکەن هەتا بیمەو هەقدەستەکانمان بۆ دابین نەکرێت ئێمە لەمانگرتن و خۆپیشاندان وناڕەزایەتی بەردەوام دەبین، کەچی ڕێک لەوکاتەدا ئەو حیزبەی خۆی بە ئۆپۆزیسیۆن ناساندووە بچێت کرێکاری تربەرێت خیابان و کوچەو شەقامەکان خاوێن بکاتەوە، ئەمە ڕێک شکاندنی ئیرادەی کرێکارەو هاوکاریکردنی دەسەڵاتی چەوسێنەرە.

ڕاگەیاندنی دڵسۆز و میدیای دڵسۆزی پێشکەوتنی کۆمەڵگە پێویستە پەیامە مرۆڤ دۆستەکانی لەسەروویی پڕوپاگەندەی سیاسی و حیزبی و بازرگانییەکانییەوە بێت. واتە دڵسۆزانە لەخەمی گەیاندنی پەیام و بانگەوازی چینایەتی خەڵکی بێکارو کرێکارو هەژارانی کۆمەڵگەکەیدا بێت زیاتر گرینگی و بایاخ بە پەیامی هاوخەباتی و تێکۆشانی چینایەتی خەڵکی کۆمەڵگەکەی بدات.

ئەم کارەی ناو میدیاکانی ڕاگەیاندنەکان شەڕێکی ترە بەرامبەر بە خەڵک بۆ تێکشاندنی ئیرادەی ئینسانی، کەلەلایەک دەسەڵاتی ملهوڕو کۆنەخوازو چەوسێنەر بەربۆتە گیانی خەڵک. ڕۆژانە لەڕێگای گەشەدان بە جیاوازی چینایەتی و زیاتربوونی هەژاری و بێکاری و گرانی و خراپی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و پەروەردە و خوێندن و ڕێگای هاتووچۆو پیسکردنی زیاتری ژینگەی کۆمەڵگە مرۆڤەکان تووشی نەخۆشی کوشندە دەکات و دواتر لەناویان دەبات. لەلایەکی تریش کاتێکیش خەڵک هاتە سەرخیابان و شەقامەکان بەرفیشەک و گوللەیان دەدات و زیندانیان دەکات و تۆمەتیان بۆ دروست دەکات هەتا دادگایان بکات سزایان بدات بە زیندانیکردن و لەسێدارەدانیان. ئەمەش بەئامانجی چاوترسێنکردنی خەڵکی تێکۆشەریناڕازی کۆمەڵگەی کوردستانە. هەتا ئەوانەی ناڕازین بەتایبەت گەنجە تێکۆشەرەکان لەبێزاری و تووڕەییان کۆمەڵگەکەیان بەجێ بهێڵن و سەنگەری تێکۆشانی خیابانەکان لاواز بکەن و ئاوارەی وڵاتانی ئەوروپابن، بەلای دەسەڵاتەوە گرینگ نییە چۆن دەبنە قوربانی و چارەنووسیان چیان لێ بەسەر دێت. ئەوەی لەلای بەرپرسانی دەسەڵاتی چەوسێنەرو دز گرینگە تەنها مانەوەیانە لەدەسەڵات.

بەکوردی و بەکورتی لەهەموو لایەکەوە فشار دەخرێتە سەر شانی گەنجان و خەڵکی کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی ڕۆژ دوایی ڕۆژ زیاتر دەیکەنە قوربانی و گیانیان لە چەوسانەوە وبێمافی وسەرکوتدا هەڵدەلوشن.

خاڵێکی تریش کەپێویستە زیاتر گرینگی پێبدرێت وەکو...

بۆ لاپەڕە 13

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## پرسی ژن ؟



توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# بەکارهێنانی توندوتیژی بەرانبەر ژن لە سۆشیال میدیادا

## نوسینی: بەناز کاوێس ئاغا

تائێستاش لە زۆرینەی کۆمەڵگەکاندا ژن رووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە، زۆربەی جاریش یاسا هیچ جۆرە پشتگیری و بەرگریی گونجاو پێشکەش بە قوربانیان ناکات. بەداخەوە کە ئێستەش توندوتیژی بەرانبەر بە ژن گواستراوەتەوە ناو سۆشیال میدیا.

هەرچەند ژن زیاتر بچێتە ناو سۆشیال میدیا، ئەگەری توندوتیژی بەرانبەری زیاتر دەبێت، کە هیچی کەمتر نییە لە توندوتیژیی جەستەیی. توندوتیژی بەرانبەر بە ژن لە سۆشیال میدیا بووە بە دیاردەیەکی زۆر باو، رێکخراوی بەخشینی نێودەوڵەتی ئاشکرای کردووە کە یەک چارەگی ژنانی دنیا، دووچاری توندوتیژی بوونەتەوە لەناو تۆڕی ئینتەرنێت کە زۆربەیان هەستیان کردووە هەڕەشەیان لەسەرە.

**توندوتیژی بەرانبەر بە ژن لە سۆشیال میدیا بووە بە دیاردەیەکی زۆر باو، ڕێکخراوی بەخشینی نێودەوڵەتی ئاشکرای کردووە کە یەك چارەگی ژنانی دنیا، دووچاری توندوتیژی بوونەتەوە لەناو تۆڕی ئینتەرنێت کە زۆربەیان هەستیان کردووە هەڕەشەیان لەسەرە**

سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکانێک لە رەگەزی جیاواز رووبەڕووی توندوتیژی و خراپی مامەڵە دەبنەوە لەناو ئینتەرنێت، بەڵام ئەو مامەڵە خراپەی کە ژن دووچاری دەبێتەوە، بەزۆری پێوەندی بە سێکس هەیە و ئاماژەی دیاریکراو لەخۆیەوە دەگرێت کە پێوەندیی راستەخۆی هەیە بە جەستەی ژنەوە.

ساڵی ٢٠١٧ رێکخراوی بەخشینی نێودەوڵەتی لەرێی ئینتەرنێتەوە لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەشی لەگەڵ IPSOS MORIکرد، لەبارەی ئەو ژنانەی کە دووچاری توندوتیژی و خراپی مامەڵە بوونەتەوە لەناو سۆشیال میدیا، هەشت وڵاتی لەخۆوە گرتبوو، لەوانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا.. ئەنجامەکان دەریانخست کە یەک چارەگی بەشدارەکان واتا ٢٣٪ ژنان لە هەر هەشت وڵاتدا رووبەڕووی توندوتیژی و گێچەڵی سێکسی بوونەتەوە لەناو سۆشیال میدیادا، ئەگەر بۆ یەک جاریش بێت، ٥٩٪ ژنانی ئەمەریکی و بەریتانی باسیان لەوە کردووە کە تاوانبارەکان نەناسراو و بێگانە بوونە.

لەمبارەیەوە رێکخراوێکی ئەمەریکی بەناوی National Network to End Violence لەسەر هەمان بابەت بەدواداچوونێکی کردووە، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە رێژەیەکی زۆری خراپ بەرانی تەکنەلۆجیا، ئینتەرنێت بەکار دێنن بۆ ئەوەی قوربانییەکانیان بدۆزنەوە .

رێکخراوی یارمەتی ژنان لە دژی توندوتیژی لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەریخستووە، قوربانیان ئاشکرایان کردووە ئەو توندوتیژییەی دووچاری بوونەتەوە لە سۆشیال میدیا، لەلایەن هاوبەشەکانیان یان هاوبەشی پێشوویان، بەشێک بووە لەو توندوتیژییەی کە لە دەرەوەی ئینتەرنێتیش دووچاری هاتوون. جگە لەوە نیوەی رێژەکە ئاشکرایان کردووە کە توندوتیژییەکە گەیشتووەتە ئاستی هەڕەشەکردن لە خۆیان و لە کەسە نزیکەکانیشیان.

لێکۆڵینەوەیەکی تر هەر لەم بابەتە کە لە کۆمەڵێک وڵات ئەنجام دراوە وەک زیمبابۆی، هایتی، ئەفغانستان، نیپال، گینیا، سریلانکا، ئۆکرانیا ئاشکرای کردووە، قسەی نەشیاوی زۆر کراوە بەرانبەر ژنانی سیاسەتمەدار لە رێی سۆشیال میدیاوە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی کردووەتە سەر ئازادی ژن لە رادەربڕین و بەشداری سیاسیدا.

بڵاوکردنەوەی وێنەی رووتی ژن بەبێ رەزامەندی خۆی، دەچێتە قاڵبی توندوتیژی و بە پێشێلکردنی مافی ژن دادەنرێت، هەر لە بەدواداچوونی IPSOS MORI هاتووە کە ١٠٪ ژنان لە ئەمەریکا، ٨٪ ژنان لە بەریتانیا ئاشکرایان کردووە، بەبێ رەزامەندیی خۆیان وێنەی رووتیان لە ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە.

هەر توندوتیژییەک لە بەرانبەر ژن دەکرێت لە ناو ئینتەرنێت و لە دەرەوەشی، بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و مافی ژن لە هەژمار دەکرێت. توندوتیژیی بەرانبەر ژن لە سۆشیال میدیا واقیعێکی تاڵە و ژن بە دەستیەوە دەناڵێنێ، چونکە ئازارە دەروونییەکەی زۆر خراپتر و ترسناکترە لە ئازاری جەستەیی. رەنگە سۆشیال میدیا شوێنێکی ترسناک و تۆقێنەر بێت بۆ ژن، چونکە گێچەڵکردنی سێکسی و توندوتیژی ناو سۆشیال میدیا، پانتاییەکی زۆر فراوان داگیر دەکات، بەر لە هاتنی ئینتەرنێت، توندوتیژی بەرانبەر ژن لەناو چوارچێوەی خێزان بوو، یان لە گەڕەکێک یان لە ناوچەیەک بڵاو دەبووەوە، بەڵام ئێستە لە پانتاییەکی بەرفراوان و ترسناک تەشەنە دەکات و بڵاو دەبێتەوە.




توندوتیژی بەرانبەر ژن لە سۆشیال میدیا بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەڵکشان و درێژەپێدەری ئەو توندوتیژییەیە کە ژن لەسەر ئەرزی واقیع دووچاری دەبێت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی تا ئێستەش بە چاوێکی نزم سەیری ژن دەکات، وا دەزانن ژن نابێ و ناتوانێ پێگەی بەرزی هەبێت، بۆیە جنێو و قسەی ناشیرین و تەشهیر بە ژن دەکەن، ئینجا بەهەر مەبەستێک بێت ئایا بۆ تۆقاندنی ژنە یان سووکایەتیکردن، یان ئابرووبردن یاخۆ بۆ بێدەنگکردنە.

**توندوتیژی بەرانبەر ژن لە سۆشیال میدیا بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەڵکشان و درێژەپێدەری ئەو توندوتیژییەیە کە ژن لەسەر ئەرزی واقیع دووچاری دەبێت،**

لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووە کە هەندێک ژنی قوربانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی، دووچاری بارێکی دەروونی زۆر خراپ بوونەتەوە کە گەیشتووەتە ئاستی خەمۆکی و خۆکوشتن.

## لە بۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

*** ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.**

*** هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**

گۆشەی ئەدەب و هونەر



## بەشێکی تر لەدەقی قسەی من بۆ مردویەك

من هیچ نالێم

ئێوە لەو درەختە بریندارە بپرسن

ئەو شەقامە کوژراوە بخەنەوە

سەر ڕێچکەی خۆی

سەرێک بەدرزی ئەو دیوارە شەق و

شرەدا شۆڕکەنەوە و

گوێیەک لەو ڕەشەبا کەساسە بگرن

نامەی ناو گیرفانی ئەو بارانە حەزینە

بخوێننەوە

من هیچ نالێم

ئەگەر سێبەری پیاوێکی کوژراوتان بینی

لەخوێنی خۆیدا گەوزابوو

بەئاگر بلێن تینێک هەیە لەتۆ بەتینترەو

لەتۆش بەسۆزترە

بابسوتێم باکم بەو پەڵە زەردانە نییە

کە لەسەر ناوچەوانم دروستدەبێت و

بۆ هەرشوێنێک بڕۆم بەودا جەلادەکان

ئەمناسنەوە

نامەوێت ئەم ژوورە چۆ ڵناکەم و بیر

لەگەڕەکێکی ترناکەمەوە

حەزناکەم هاورێکانی گۆڕستانم لەخۆم

عاجزکەم و کەنامەی سەرەخۆشیم

بۆناردن

نەیخوێننەوە

هیچ نالێم

ئەگەر سێبەرەکەی خۆمم بەپۆستا

بۆ نەناردیتایە تۆش ئاوا بێڕەحمانە

بەکۆڵانەکانی ڕەشەبادا ڕات نەدەکێشام

دەرناچێت سەرم لەم هەموو بێدەنگییەی

خۆم دەرناچێت

بەلای هەر درەختێکی وشک هەڵهاتودا

دەڕۆم ناوەکەی خۆم بەسەربەرەو

خواری دەبینم

هیچ شتێکم لەگەڵ ئاو و بۆ ناوترێت

وەک ئەوسا حەزناکەم گوێی لەترپەی

دڵی خۆم بگرم

دراوسێکانم گاڵتەم پێدەکەن

بەدرزی دیوارەکاندا دەزانم

زەنگی کڵێساکان خەڵکی ئەم گەڕەکەی

بێزار کردووە

خۆزگە جارێکی تریش مریەم بەڕوتوو

قوتی بێرەدا دەڕۆشتەوەو

هەموومانی پڕ دەکردەوە

لەگۆرانیەکی نەوتراو

هیچ نالێم

وەرە با بەگاڵتەوە دەستبەینە یەخەی

یەکترو بەدرۆوە یەکتری خەڵتانی خوێن

کەین

ئای خودایە ئێمە چەندە دڵی تۆمان

شکاندو

خۆشمان دایە بەر گوللە

نایلێم لەمەولا هیچ شتێک نالێم

.............

**میرزا**




**بەرهەمی نوێی هونەرمەند هیوا ساڵح**

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەكی تایبەتی بۆپێشەوەیە كە لەهەر ژمارەیەكدا بابەتێكی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێكستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەكاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەكرنی گۆشە: كاوان قادر و هیوا ساڵح، حەكیم میرزا



# زەینی وشە لەزمانی شیعری دلاوەر قەرەداغی دا

-جەمال نوری-

زەینی نیشتمان بدەنەوە

زەینی ئەو ڕۆژانەی بدەنەوە

کەپڕ بوو،

لەکیژی قژکاڵی لێو ئاڵی

ناو شیعرێکی گۆران

زەینی ئێوارانێکی بدەنەوە

کەسەری بچوایە... نوێژی لەسەر

بەرماڵەکەی شیعری نالی نەدەچوو

" دلاوەر قەرەداغی"

**دەق لەنێوان ڕوئیای نوسەرو خوێندنەوەی خوێنەردا**

وێنەو زمانی شیعری لە دەقی شیعری دلاوەر قەرەداغی

گەر لەم تێکستە شیعریەی دلاوەر قەرەداغی وردبینەوە، لێوان لێوە لە زمانێک کە تایبەتە بە زمانی شیعری دلاوەر خۆی، واتە گەر لەسەر دەقەکانی دلاوەر ناوی ئەویشی لەسەر نەبێ کەسی خوێنەری جاد هەست دەکات زمانی ئێستاتیکای جوانییە لەنوسیندا، بەچەشنی باڵی پەپولە شەفاف و پڕ لەحوزن و ئازارە کە لە گەرووی شاعیردا پەنگی خواردوە، ئەم زامە پڕ لەحوزنە، سۆزێک دەیلاوێنێتەوە کە عەیامێکە بێ بەشکراوە لە خوست و سۆزی هەمیشەیی کە لەڕێگای هەستە باڵاکانیەوە هەستی پێدەکرێ، دەنگی وشەکان و مانای وشەکان و ئەو وێنانەی نوێنەرایەتی دەق نمایش دەکات کە دواجار پەیوەندیەکی ئۆرگانی لەنێوان دەق و خوێنەر دروست دەکا و واز لە خودی نوسەر خۆی بهێنرێ، چون ئەوەی پێی دەوترێ دەقی زیندوو، ئەوەیە کە ئەو پەیوەندییە دیالکتیکیە بهێنێتە ئاراوە لەنێوان دەق و خوێنەر، نەک نوسەر و خوێنەر وەک ( ڕۆلان بارت )*١ بە مردنی نوسەر ناوی دەبات، بەڵام لەم دەقەی دلاوەردا نوسەر شان بەشانی دەق و خوێنەر حزوری هەیە و موخاتەبەی موتەلەقی دەکات، ئەوەتا پێمان دەڵێ :-

زەینی ئێوارانێکی بدەنەوە...
کەسەری بچوایە نوێژی
لەسەر بەرماڵەکەی شیعری نالی نەدەچوو..

هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کەدەقی ئەدەبی و شیعری لەبەردەم چەندین گریمانە و مەسەلە وبۆچووندایە، بەڵکو جیهانی دەقی ئەدەبی جیهانێکی شاراوە وئاڵۆزە، بەسانایی بەها هونەری وئێستاتیکی وبابەتی و ناوەڕۆکییەکانی دەق بەدەرناکەون. لەگەڵ ئەمەشدا هێزی خوێنەر چەند ئەزموونی و نموونەیش بێت ئەوا توانای بەسەر سەرجەم نیشانە و هێماکاندا ناشکێت، چونکە سنووری بیرکردنەوەکان دیاریکراوە نەک هەمیشە کراوەیی بێت. لەبەرامبەریشدا دەقی ئەدەبی و شیعری کەرەستەیەکی هەستیاری و ناهەستیارییە و بەئاسانی نهێنییەکانی خۆی نادات بەدەستەوە. بەدەستەوەدانی ماناکانیش مردنی دەقە، هەربۆیە نوسەر لەم دەقەدا لەلایەک بەشێوەیەک ماناو کۆدو هێما شیعریەکان لەپانتایەکی فراوانتری ڕەخنەیی ئەدەبیدا دەهێڵێتەوە،
بەجورێک هەرکاتێک دەق بەر خوێنەری تایبەتی خۆی بکەوێ، دەق لەگەڵیدا دەڕوات و لەهەر ویستگەیەکدا مانایەکی تر لەخۆدەگرێ، لێرەوە موتەلەقی پێویستی بە هەڵکوڵینی ناو دەق هەیە، تاوەکو ئەوەی دەق نەیووتوە لەڕێگای هەڵکوڵینی لەدەقەکەدا ڕەخنەگر ئاشکرای بکات، یاخود لەڕێگای شرۆڤەی دەقەوە، مەلولی نوێ بدۆزێتەوە، لەڕێگای خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییەوە جارێکی تر تەوزیفی بکات.

کەواتە، بەردەوام لە دیمومەیەکی بەردەوام دا هەریەک لە نوسەر و دەق و خوێنەر یەک یەکتری تەواو دەکەن و بەردەوامیش هەریەکەیان بۆ واتاو هێماو کۆدێکی نوێ دا بگەڕێن، کە زیندوێتی دەقی تیا تۆمار دەکرێ..


لێرەوەیە منیش دەڵێم، بەڵێ با زەینی نیشتمان کوێر نەبێ تازووە زەینی بدەنەوە، چون ئەو فێر نەبووە نیشتمان شەکەت بێ، شەقام چڵکن و کوڵان قەموور بێ...
بەپێچەوانەوە نیشتمان هەردەم خاوەن زەینێکی جوانی دنیابینی شاعیرەکانی بوو، هەر ڕۆژەو لەبەرگێکی ئاڵاو واڵای شیعرێکی گوران دا دەبینرا، لەڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە، بەڵام لەڕووی جەمالیەت و میتۆلۆژیاشەوە،
زەینی بەئەندازەی زمانی شیعرێکی نالی خۆی نمایش دەکات، کە سەری بچێ نوێژی وشەی شیعری ناچێ، لەڕووی ئێستاتیکای جوانی زمانەوە. کە نوسەر لەدەقەکەیدا بەکاری هێناوە.

**زمانی شیعریی لای دلاوەر قەرەداغی**

**گەر بڕوانینە، دەقە شیعریەکانی دلاوەر قەرەداغی، هەست بەجوانی لە شێوازی نوسینی زمانی شیعری شاعیر دەکەین، بەجورێک گەر دەقەکانی دلاوەر ناویشی لەسەرنەبێ ئەوا (خوێنەری جاد) هەست دەکات ئەو دەقە خاوەنەکەی دلاوەر قەرەداغی یە،**

دلاوەر، هێندە شارەزایانە دەست دەبات بۆ ئەو چەمکانە کەلای خوێنەر و
خەڵکی ئاسایی مێژوویەکی دوورو درێژیان لەگەڵیدا، واتە شاعیر دەیەوێ بمان گەڕێنێتەوە بۆڕابردوویەک، کە ڕۆژەکانی لێوان لێو بووە لە جوانی و میهرەبانی و خۆش نودی و کامەرانی، کە بۆ خەڵکی ئەو

بۆ لاپەڕە 13



# له سایەی ڕەئیسی جەلاددا توندوتیژی بە دژی ژنان زیادی کردوە

نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

کۆمەڵگەی ئێران ساڵەهایە گیرۆدەی پەتای ماڵوێڕانکەری توندوتیژی بووە و تاکەکانی بوونە قوربانی. کۆماری ئیسلامی ئێران دوای خۆسەپاندنی بەسەر خەڵک زۆر زوو رواڵەتی دژە ژنی خۆی دەرخست و یاسای سەدە ناوەراستی بە پشت بەستن بە یاسا و شەرعی ئیسلام کە تا سەر ئێسقان دژ بە ماف و ئازادی تاکەکان بە تایبەتیی ژنانە پەسەند کرد. ڕژیمی ئێران لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بەوە گەیشت کە ژنانی پیشڕەو و خەباتکار گەورەترین مەترسین بۆ سەر دەسەڵاتەکەی و هەموو ئامرازەکانی خستە گەڕ تا بەڵکوو بتوانێ ئەو توێژەی کۆمەڵگە بخزێنێتە کونجی ماڵەوە. کۆماری ئیسلامی بە سەرۆکایەتی خومەینی خوێنڕێژ ئەوەندە ڕوهەڵماڵڕاو بوو کە تەنانەت سزای کوشتن و بەردبارانی ژنانی بە تاوانی خۆشەویستی پەسەند کرد و دەیان ژن لەو ولاتە بەردباران و ئێعدام کران و تا بە هەنووکەش کوشتنی ژنان لەلایەن هاوسەر و برا و باوک و پیاوانی بنەماڵە بە تاوانی داتاشڕاو و بە پشت بەستن بەو شەرع و یاسایە بەردەوامە. چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە کرماشان سێ ژن بە دەستی زاوای پێشووی بنەماله بەبێ تاوان درانە بەر دەسرێژی گولله و جەستەیان سڕدرایەوە. هەر وەک ئاماژەمان پێ کرد ژنان لە لایەن ڕژیمەوە هەموو مافە ڕەوا و مرۆڤیەکانیان لێ زەوت کرا، ئەوان تەنانەت لە مافی پۆشش کە سەرەتاییترین مافی هەر مرۆڤێکە بێ بەشن. ساڵەهای ساڵە ژنان لە بەرامبەر ئەو یاسا دژە مرۆڤیانە دەوەستن و سەرەرای زەبر و زەنگ و سەرکوت وگرتن و زیندانی هەردەم لە ریزی پێشەوەی خەبات دژ بە ناعەدالەتی دابوون. توندوتیژی جەستەیی و دەروونی، تیزاب پێداکردن لە لایەن کەسانی سەر بە ڕژیم، پەسەندکردنی یاسای سەدە ناوەڕاستی، ڕوانگەی سێکسیست و بە کەم زانینی ژنان، لێ سەندنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی و پۆستە گرینگەکانی وڵات بە بیانووی ئەوەی ژنان خاوەن هەستن و نیوەی پیاو عەقڵ و شعوریان هەیە، پێناسەی هاولاتی پلە دوو بۆ ژنان و بەرهەم هێنانەوەی بەردەوامی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی بە دژی ئەو توێژەی کۆمەڵگە شیرازەی کۆمەڵایەتی ئێرانی شێواندوە و کۆماری ئیسلامیش پیلانی دزێوی خۆی بۆ ڕواڵەتی نیشان دانی پرسی توندوتیژی و سەرکوتکردن و ملکەچ کردنی ژنان خستۆتە گەڕ، بەلام بە خۆشیەوە تا هەنووکەش هەر ڕژیمی جینایەتکارە بە چۆکدا هاتووە و ژنان بوونە چقڵی چاوی رژیم و لایەنگرانی. لە هەر دەورەیەک لە سەرۆکایەتی پاڵێوراوانی جینایەتکار کە هەموویان سەر بەو ڕژیمە و پەروەردەی ئەو سیستەمە و لایەنگری وەلی فەقیهن بە دروشمی بریقەدار دێنە مەیدانەوە و تاکەکان بە لاڕێدا دەبەن، بزوتنەوەی ژنانی لیبراڵیش بەداخەوە زۆرجار بەپیر ئەو دروشمە بریقەدارانەوە دەچن و دەبنە سەرەکیترین هۆکاری پەرتەوازەیی و دوبەرەکی لە نێوان بزوتنەوەی بە هێزی ژنان، وەک لە دەورەی خاتەمی دا بینیمان بزوتنەوەی لیبراڵ بە کۆکردنەوەی واژۆ و لەژێر ناوی کەمپەینی یەک میلیۆن واژۆ چەندە پۆتانسیل و هێزی ژنانیان لەباربرد و دواجاریش بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتن. ئەمجارەش دوای هاتنە سەر کاری ڕەئیسی جینایەتکار بارودۆخەکە زۆر لە ڕابردوو مەترسیدارترە و ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ. ڕەئیسی خۆی یەکێک لە مۆرە جینایەتکار و توندڕەوەکانی کۆماری ئیسلامیە کە دەستی بە خوێنی دەیان ڕۆلەی ئەو وڵاتە بە تایبەتی بەرەی چەپ و ئازادیخواز سوورە و یەکێک بووە لەو جینایەتکارانەی لە ئێعدامەکانی هەشتاکانی ئێران کە بە هەزاران کەسی ئازادیخواز تەنیا بە تاوانی بیروڕای جیاواز بە تایبەتی کۆمۆنیست بوون کوژران ڕۆڵی مەترسیداری بووە. کۆماری ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی خامنەیی جینایەتکار لە بارودۆخی هەنووکەیی دا کە گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و سەرەرای ئابلۆقە ئابوریە قورسەکانی کە بە سەری دا سەپاوە و هۆکارەکەشی سەرەرۆیی دەسەلاتەکەی بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم و دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی و ملهوڕیەکانی لە بەرامبەر دنیای دەرەوەدا بووە و هەروەها دەمێک ساڵە لە لایەن خەڵکی وەزالەهاتووی ئێران مەشروعیەتی لە دەست داوە، بە دانانی کەسێکی جینایەتکاری وەک ڕەئیسی ویستی پەرە بە توندوتیژی و سەرکوت بدات و سیاسەتی لە مێژینەی خۆی واتە شەلم کوێرم و هیچ نابوێرم بەرێوەببات. لەو کاتەوە ڕەئیسی جینایەتکار وەک سەرۆک کۆمار بەسەر خەڵکدا سەپاوە ڕەشبگیری و زیندان و ئەشکەنجەی ئازادیخوازان زیادی کردووە و سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلام لە تاکی ئازادیخواز ئاخیندراوە. لەناو ڕەشبگیریەکاندا ژنانی سەربەخۆ و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری و ژینگە پارێزیکی زۆر دەبیندرێن، ئەوە نیشانەی ئەکتیڤ بوونی ژنان و بەردەوامیان لە خەبات هەروەها ترسی ئەو دەسەڵاتەیە لەو توێژە ئازادیخوازە. دەسەلاتی دژە ژن ماوەیەکی زۆرە مینبەرەکانی مزگەوتی کە تێدا پڕوپاگەندە بۆ بیری چەق بەستوو و خورافە دەکەن کردووە بە ئامرازی پەرە پێدانی توندوتیژی بە دژی ژنان و مەلا مێشک بۆگەنەکان بەردەوام پروپاگەندە بۆ توندوتیژی بە دژی ژنان دەکەن و پیاوان رادەسپێرن ژنان سەرکوت بکەن. توندوتیژی و کوشتنی ژنان بە تایبەتی لە ناوچە کورد نشین و عەرەب نشینەکان کە بوژانەوەیەکی ئابوری لێ نییە و هیچ هەلێکی کاری لەبار بۆ خەڵک لە ئارا دا نییە و هەژاری ڕەها بەرۆکی خەڵکی گرتووە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیاد بوونە. لە مانگی سێپتامبری ٢٠٢١ تا بە هەنووکە نیزیک بە چل ژن لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کە هەموو شارەکان دەگرێتەوە لەلایەن پیاوانی پلەیەکی بنەماڵەوە کوژراون کە تازەترینیان سێ ژن لە شاری کرماشان بوون. مادەی سڕکەر، بێکاری، بێ هیوایی، هەژاری ڕەها کە ژێربینای هەموو توندوتیژیەکانە، سەرهەڵدانەوەی کەم ئەندامکردنی جەستەی ژنان واتە خەتەنە، ڕوانگەی چەواشە، زوو بە شودانی کچانی منالّ بەهۆی هەژاری ئابووری و بێ دەسەڵاتی، کوشتن ژنان هەروەها خۆکوژی ژنان و زیادبوونی ڕیژەی ژنانی لەش فرۆش کە ئەویش هەر بۆ نەبوونی ئەمنیەتی ماڵی و سەربەخۆیی ئابووری ژنان دەگەڕێتەوە و دەیان و سەدان دیاردەی لەم جۆرە کۆمەڵگەی ئێرانی کرمۆڵ کردووە کە کۆماری ئیسلامی هۆکاری هەموو ئەو دیاردە و کێشە وگرفتانەیە. بەو گشتە نەهامەتی و توندوتیژی و زەبر و زەنگ و سەرکوتە دەبینین کە ڕێژەی ژنانی وشیار و ئەکتیڤ و چالاک ڕۆژ بە ڕۆژ روو لە زیادبوونەو، ژنان ساڵەهایە توانیویانە خۆیان بە ڕێکخستن بکەن و شوێندانەریی ئەرێنیان لە بەرامبەر کێشەکان هەبێ و ئەوان پشت بە هێزی خۆیان دەبەستن و بێ گومان ئەو گشتە ئازارو سەرکوتە ژنانی لە خەبات نەک سارد نەکردۆتەوە، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ پێداگرتریان دەکات کە خۆیان چارەنوسی خۆیان بە دەستەوە بگرن. وەک دەبینین لەناو ڕێبەرانی بزوتنەوەی کرێکاری لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە ژنانی تابۆشکین و چالاکی تێدایە. ساڵەهایە هەر تاکێکی ئازادیخواز دەنگی لە بەرامبەر زوڵم و زۆر هەڵبڕیبێ ژنان بە هانایەوە هاتوون و دەنگیان خستۆتە پاڵ دەنگی و هاواری ئازادیخوازیان سەرداوە. ژنانی ئێران تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان دەست لە خەبات هەڵناگرن وتا هەڵتەکانی ئەو ڕژیمە دژە ژنە و دامەزراندنی سیستمێکی یەکسانیخواز بەردەوام لە ڕیزی پێشەوەی خەبات دا دەبن. بە هیوای نەمان و ڕوخانی ڕژیمی دژە ژن و دژە مرۆڤی کۆماری ئیسلامی ئێران و دامەزراندنی سیستمێکی سۆسیالیستی و مرۆڤتەوەر کە هەموو تاکەکان خاوەن ماف و ئازادی ڕەها و وەک یەک بن...

**جیاکاری لەدژی ژنان تایبەتمەندیەکی گرنگی دنیای ئەمڕۆیە. لە بەشی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا، ژنان بەڕەسمی و بە یاسایی تەنانەت لەو ماف و ئازادییە بەرتەسك و بێبایەخانەش بێبەشن کە پیاوان لـێی بەهرەمەندن. لەو وڵاتانەدا کە لە ڕووی ئابووریەوە دواکەوتوون، هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دین و نەریتە کۆنەکان ڕیشەیەکی قووڵتریان لەنێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگەدا هەیە، ستەمکێشی و بێمافی و ژێردەستەیی ژن بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ. لە وڵاتانی پێشکەوتووتر و مۆدێرنتردا و تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە لەسایەی بزووتنەوەکانی لایەنگر لە مافەکانی ژنان و هەڵمەتە سۆسیالیستیە کرێکارییەکان جیاکاریی جنسی بەڕواڵەت لە بەشی هەرەزۆری یاساکاندا هەڵگیراوە، هێشتا ژنان لە جەرگەی میکانیزمی ئابووری سەرمایەداری و دابونەریت و بیروباوەڕە پیاوسالاریەکانی نێو کۆمەڵگە، بە کردەوە لەزۆر ڕووەوە دەکەونە بەر جیاکاری و ستەم ...**



# ئیبراهیم حسێن: بەبێ لە ئاسۆدا بوونی ئیمکان و باوەڕی سەرکەوتنێکی سیاسی سۆشیالیستی، بەبێ گۆڕانی چەپی کۆمۆنیستی و کرێکاری بە پرۆژەیەك بۆسەرکەوتنێکی سیاسی چەپ لە جەنگی گرتنی دەسەڵات و بە دەستەوەگرتنی کۆمەڵگە، هیچ ڕزگارییەك لە ئاسۆدا نییە و خەیاڵە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز ئیبراهیم حسێن کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت لە عێراق...

**بۆپێشەوە: جموجۆڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، بەردەوامە... تا چەندە لاتان وایە ئەم حکومەتە دەتوانێت سەربەخۆ بێت و دوور لەدەستێوەردانی دەرەکی پێکبێت؟**

**ئیبراهیم حسێن:** حکومەتی نوێی عێراق دەستەواژەیەکی سەرلێ تێکدەرە، ئەوە حکومەتی عێراق نییە، چونکە زۆرینەی هاوڵاتیانی عێراق، لەوسیناریۆگاڵتەجاڕیەی هەڵبژاردندا، نایان بەو هێزانە وت کە ئەمڕۆ یاری پێکهێنانی حکومەت دەکەن. تەواوی پرۆسە سیاسی لەسەربنەمای دەستورێکی فیدراڵی تایفی و دینی وقەومی دامەزراوە و هەرخودی گەیشتنە دەسەڵاتی ئەو هێزانە لەبنەڕەتەوە لەڕێگەی داگیرکاری و وێرانکاری و کوشتارێکی گەورە لە مێژووی سەردەمدا سەری گرتوە و بەشێکی گوێچکەی لە دەستی ئەمریکاو ڕۆژئاوا و بەشێکەی تری عێراقی گۆڕیوە بە پشتی جەبهەی کۆماری خوێن و سێدارەی ئیسلامی. لە هەلومەجێکی جیهانی و ناوچەیی بەوجۆرە و لەچوارچێوەی پڕوسەیەکی سیاسی کۆنەپەرستانەی فیدراڵی قەومی و دینی، ئەوانە ناتوانن دەست بخەنە ئاوەوە بەبێ ڕاوێژ وبڕیار و ڕاسپاردەی ئەو وڵاتانەی کە عێراقیان گۆڕیوە بە قەڵەمڕەوی ئەجێندا ناوچەیی و جیهانیەکانیان، بەڵام ئەم هێزانە و حاکمیەتی ئێستا ئەگەر تەنانەت سەربەخۆترین حکومەتی دنیاش بێت لە کۆنەپەرستیەکەی کەم ناکاتەوە، لە دژایەتیەکەی بۆ ئازادی و خوشبەختی و ژیانێکی لایقی مرۆڤ کەم ناکاتەوە. بەو پێیە ڕەخنە لە سەربەخۆبوون و نەبوونی نییە، بەڵکو ڕەخنە لە جەوهەری چینایەتیەکەیەتی، لە کۆنەپەرست بوونی و لەوەیە کە دەسەڵاتی کام چینی کۆمەڵایەتی و کام بەرژەوەندی چینایەتی نوێنەرایەتی دەکات. دەسەڵاتی چینایەتی کەمینەیەکی سەرمایەدار و بۆرژوا، سەربەخۆ بێ یان وابەستە، هیچ لەماهیەتە چینایەتیەکەی ناگۆڕێ. بێگومان بەهەر شێوەیەک و بەهەر ئاستێک لە سازش لەگەڵ یەکتر ئەوان کابینەکەی خۆیان ڕێکدەخەن.

**بۆپێشەوە: ئایا لەهەلومەرجی ئێستای عێراقدا، پێکهێنانی حکومەتی زوربە لە جێگای حکومەتی تەوافوقی کێشە دروست ناکات؟**

**ئیبراهیم حسێن:** پێویستە ئەوە بە فەڕز بگرین کە دەستوری فیدراڵیزمی قەومی و دینی خۆی چوارچێوە و بنەمای حاکمیەتی ئیستایە و ئەو دەستورەش چوارچێوەی ڕێکەوتن و سازان و پێکدادانەکانی ئەو هێزانەیە لەسەر قودرەت و بەشیان لە دەسەڵات وسەرمایە وداهاتەکانی وڵات و لە پەیوەند بە پەیوەندی ئەو هێزانە بە کۆماری ئیسلامی و دەوری ئەمریکا. هیچ کامیان نە دەیانەوێ و نەدەتوانن کە ئەو چوارچێوەیە و ڕێساکانی یاریەکە ببەزێنن کە مانەوە و بوون و دەسەڵاتیانی لەسەربەندە، بە تایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە ئەو ئێلیتە دەسەڵاتدارە لەسەر نوکی چەقۆ دەڕوا و فیدراڵیزمی قەومی و دینی و ئەو حاکمیەتە کەوتۆتە بەرامبەر جوڵانەوەیەکی گەورەی نەخێرو ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی. بەو پێیە توافقی و زۆرینە کێشە نییە، خۆیان گەورەی دەکەن. کێشە لە جێگەیەکی ترە، کێشە لێرەدایە کە ئەم فیدراڵیزمە قەومیە کەشتێک نییە جگە لە ڕێکەوتنێکی ئاشکرای ملیاردێرەکانی نەوت و جەنگ و وێرانی، میلیاردێرەکانی کۆماری تاریکی و بێکارەبایی و هەژاری و بێکاری و نەداری، خەریکە توشی بەرکەوتنێکی بنەڕەتی دەبێ لەگەڵ کۆمەڵگەو مرۆڤایەتیەکی چەندین میلیۆنی کرێکار و زەحمەتکێش کە ژیانی دەوێ، حورمەت و ئازادی و خۆشبەختی دەوێ. ئەمە بەهەرحاڵە ڕەوەندێکی تازەیە و لە خۆیدا ئیمکان و ڕەگەزەکانی ڕادیکاڵ بوونەوە و قوڵبوونەوەی هەڵگرتوە و ئەمەش لە نای گەورەی ئەم دوایانە جارێکی تر خۆی نیشان دایەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی قوڵبوونەوەی قەیرانی حاکمیەت ودارمانی دەستوری کۆنەپەرستانەی فیدراڵیزمی قەومی و ئیسلامی کە چواچێوەی ئەم حاکمیەتەیە. ئەوەی کە کۆمەڵگەیەکی چەند میلیۆنی هەربەو ئیمکانە سیاسی و هەر بەو ئەندازە لە ڕێکخراوبوونەی ئێستای، ئەو کۆنەپەرستیە دەخاتە ژێر پرسیار نیشانی دەدا کە ئەگەر بێت شوراو ڕێکخراوی جەماوەری ڕادیکاڵ و چەپێکی کۆمۆنیستی کرێکاری لە مەیدانی جەنگی دەسەڵاتی لەبەردەست بێ ئەو کۆنەپەرستیە بۆرژواییە ڕیشە کێش دەکا و توڕی هەڵدەدا.

**حکومەتی نوێی عێراق دەستەواژەیەکی سەرلێ تێکدەرە، ئەوە حکومەتی عێراق نییە، چونکە زۆرینەی هاوڵاتیانی عێراق، لەوسیناریۆ گاڵتەجاڕیەی هەڵبژاردندا، نایان بەو هێزانە وت کە ئەمڕۆ یاری پێکهێنانی حکومەت دەکەن...**

**بۆپێشەوە: جێگەو ڕێگەی حزبە دەسەڵاتبەدەستەکانی کوردستان بەتایبەت (پارتی و یەکێتی) لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبینن؟**

**ئیبراهیم حسێن:** لە وەڵامی پرسیاری پێشودا باسی ئەوەمان کرد کە کورستانی ژێردەسەڵاتی بۆرژوازی کوردایەتی و ئەو دەسەڵاتە دیفاکتۆ بۆرژواییە میلیشیاییە کە کراوە بە کوێخای ئەو کۆمەڵگەیە، بەشێکە لە فیدراڵیزمێکی قەومی و ئیسلامی داوەشاوی ئەمڕۆی عێراق و لەوکاسەوخوانەی کە ڕاخراوە تا ئەوجێگەی دەتوانن بەردەوام دەبن لە شەڕو سازانی پچڕینی بەشی زۆرترو کەمتر لە دەسەڵات و لەداهات و ئیمکاناتی وڵات، لە بردنی بەش و پشکی زۆرتر لە خێرو بێری بازاڕی کاری هەرزانی ئەمڕۆی عێراق. یەکێتی و پارتی و قەوارەی بۆرژوایی میشیایی کوردستانی ئەمڕۆ، لەتێکی ئەو کێکی دەسەڵات و سەروەت و سامانی کۆمەڵایەتیە و بۆخۆی بەشێکە لە و پڕۆسە و قەوارە سیاسیە بۆرژواییە فیدراڵیە قەومی و مەزهەبیەی کە تیایدا ئازادی و خۆشبەختی ژیان و نان و کار و موقەدەراتی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش، ژنان و لاوانی ئەم مرۆڤایەتیە کرێکار و زەحمتکێشەی تێدا بەبارمتە گیراوە. بەو پێیە لە بنەڕەتیترین ئاستدا و بە مانا سیاسییە فراوانەکەی ئەمە پێگەی قەوارەی دەسەڵات و دەوڵەتی بۆرژوایی هەرێم و یەکێتی و پارتی و خێزانی بۆررژوازی کوردە. باقیەکەی تری شەڕی پچڕینی بەشی زۆرتر و کەمتری سیاسی و ئابوریە. دوێنێ یەکێتی سەرۆک کۆمار و بەیانی پارتی. ئەمڕۆ ئەویان فڵان پۆست و وەزارەت و بەیانی ئەویان فڵان پۆست و وەزارەت. یەک خێزانی گەورە و سفرەیەکی پان وبەرینی سەروەت و سامان و ئیمکانات و لەدەرەوەی ئەم دیمەنەش کۆمەڵگەیەک، چینی کرێکارێکی چەندین میلیۆنی و جەماوەری بێبەش هەیە کە دەبێ بجەنگن لە پێناو نان وکار و ژیان و کەرامەتی خۆیان.

**ناڕەزایەتی و ڕەتکردنەوە و نەویستنی ئەم دەسەڵات و شێوە ژیانە کە کەمایەتیەکی سەرمایەدار سەپاندویەتی ئەمڕۆ کۆمەڵایەتیترین و واقعیتیرین دیاردەی سیاسی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستانە...**

**بۆپێشەوە: دزی و تاڵانی و سەرکوت و زەوتکردنی سەرەتاییترین مافە ئازادییەکان، تایبەتمەندی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانە لە سەرتاسەری عێراق و کوردستاندا، خەڵکی عێراق و کوردستان چۆن دەتوانن لەدەست ئەم دەسەڵاتە، ڕزگاریان بێت؟**

**ئیبراهیم حسێن:** ناڕەزایەتی و ڕەتکردنەوە و نەویستنی ئەم دەسەڵات و شێوە ژیانە کە ئەم کەمایەتیە سەرمایەدارە سەپاندویەتی ئەمـــــــــــڕۆ...

کۆمەڵایەتیترین و واقعیتیرین دیاردەی سیاسی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستانە و خودی هەڵبژاردنێک کە بڕیاربوو ئەم حکومەتە پێشتر پێکهاتوەی تێوەپێچن، نیشانیدا کەئەم خواست و ئارەزوە چەند گەورە و فراوانە، بەڵام هەر نارازایەتیەک هەرچەند ڕادیکاڵ و بەرهەقیش بێت خودبەخود بڕیار نییە ڕزگاری لێ بکەوێتەوە. ڕزگاری پڕۆسە و هەڵبژادن وئیرادەیەکی سیاسیە و پەیوندی بە ئامادەبوون و نەبوونی ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی کرێکاری و کۆمۆنیستیەوە هەیە لە مەیدانە سەرەکیەکە، لە مەیدانی جەنگی دەسەڵات و بەدەستەوەگرتنی کۆمەڵگە لەلایەک لەلایەکی ترەوە پەیوەندی بەوە هەیە کرێکاران و جەماوەری بێبەش لە ئاستێکی دیاریکراودا تاچەند ئامادەن کە لە پای ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە، بچنە پشتی چەپی کۆمۆنیستی و کرێکاری بۆ سەرکەوتنێکی سیاسی جیددی سۆسیالیستی. بەبێ لە ئاسۆدا بوونی ئیمکان و باوەڕی سەرکەوتنێکی سیاسی سۆسیالیستی بەبێ گۆڕانی چەپی کۆمۆنیستی و کرێکاری بە پڕۆژەیەک بۆسەرکەوتنێکی سیاسی چەپ لە جەنگی گرتنی دەسەڵات و بە دەستەوەگرتنی کۆمەڵگە، هیچ ڕزگاریەک لە ئاسۆدا نییە و خەیاڵە. ئەمە ئەو گرێیەیە کە وا دەکا لەلایەک مرۆڤایەتی کرێکار و بێبەش سەرباری هەموو تەقەلا و موقاومەتێکی خۆی ناکام و بێدەرەتان بمێنێتەوە لەبەدیهێنانی هەر ئاڵۆگۆڕێک بە قازانجی ئازادی و خۆشبەختی خۆی لەلایەکی تر وادەکا ڕادیکاڵیزمی کۆمۆنیستی و کرێکاری ناتوانێ توانا و ئیمکاناتی ئەو مرۆڤایەتیە کرێکار و ئازادیخوازە، بهێنێتە پشت سەری خۆی.

**بۆپێشەوە: درەنگ یان زوو خەڵکی عێراق و کوردستان دەست دەبەن بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، سەرکەوتنی ڕاپەڕین و شۆڕش، لە گرەوی چیدایە؟**

**ئیبراهیم حسێن:** مەسەلەی ڕاپەڕین و بە تایبەت شۆڕش باسێکی ترە و لەوەی کە کەی و لە چ هەلومەرجێکدا کە کرێکاران و جەماوەری بێبەش دەست دەبەن بۆ ڕاپەڕین و لەکام هەلومەرجدا هەلومەرج دەگاتە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە و شۆڕش دەگۆڕێ بە مومکینترین و ناچارترین بژاردە، ناتوانرێ لەپێشەوە بڕیاری لەسەر بدرێ. هەردووکی ئەم دوو ئاستەی دەرکەوتن و هاتنە مەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش بە ئامادەبوونێکی جیددیتری سیاسی و ڕێکخراوەیی و ئاستێکی دیاریکراوی باوەڕ بە شۆڕش و ئاڵوگۆی شۆڕشگێڕانەوە، بەستراوەتەوە و بەوە بەستراوە کە ئەو هەلومەرجە لەڕێگەی شۆڕشەوە نەبێ ناگۆڕێ و ئەوەی کە شۆڕش نەک هەر وەک وەک بژاردەیەکی خوازراو، بەڵکو وک بژاردەیەکی مومکین تەنانەت ناچاری بکەوێتە دەستوری کۆمەڵگەو چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش. ئەوەی کە گومان هەڵناگرێ ئەوەیە کە جوڵانەوەیەکی گەورەی نەخێر و ڕەتکردنەوەی هەلومەرج و حاکمیەتی ئەمڕۆ سەری هەڵداوە و تەنیا جوڵانەوەیەک کە دەیەوێ و بەقازانجیەتی ئەم جوڵانەوەی نەخێرە تا ئەوپەڕی خۆی قوڵ بکاتەوە و بیگەیەنێتە ئەوپەڕی سەرەنجامی مەنتیقی خۆی، کۆمۆنیزم حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وچینی کرێکارە.

گۆڕانی ئەم بزوتنەوەیە لە بزوتنەوەیەک کە تەنیا داوا دەکا بۆ بزوتنەوەیەکی گەورەی ڕاستەوخۆی ئیرادەی جەماوەری، لەشار و گەڕەک و کۆڵان وسەراسەری ولات دەستی ئەم جوڵانەوەیە دەکاتەوە، تواناگەورەکانی ئەم بەشەرییەتە کرێکارو زەحمەتکێشە دەکێشێتە ناو مەیدانی بڕیاردانێکی جیددیتر لەسەر چارەنوسی سیاسی و ئابوری خۆی. لە هەلومەرجێکی بەو جۆرەدا بوونی چەپێکی کرێکاری و کۆمۆنیستی و کە ڕەگی لەناوچینی کرێکار و ئەم مرۆڤایەتیەدا هەبێ و بە ئەندازەی پێویست عەشق و عەلاقەی بە گرتنەدەستی دەسەڵات و کۆمەڵگە هەبێ و ئامادەبێ و باوەڕی بەسەرکەوتنێکی سیاسی چەپگەرا وسۆسیالیستی هەبێ، هەلومەرجەکە ڕووبەڕووی گۆڕانێکی مێژووساز دەکاتەوە.

**بۆپێشەوە: ئەڵتەرناتیفی دەسەڵاتی ئێستا چ سیستەمێکە؟ بە واتایەکی تر دەبێ چ سیستەمێکی سیاسی جێگەی دەسەڵاتی ئێستا بگرێتەوە؟**

**ئیبراهیم حسێن:** ئاڵتەرناتیفی ئێمە حکومەتی کرێکاری و سیستەمی شوراییە و لەهەرجێگایەک و لەهەر ئاستێکدا و لە هەرجوغرفیایەکدا سەربگرێ، ڕاستەوخۆ بەرنامە و کارنامەی سیاسی و ئابوری خۆی پیادە دەکا و ڕێگادەکاتەوە بۆ فراوانترین ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان و بڕیاردان لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەسپرێتە دەستی جەماوەری کرێکار و بێبەش و هاوڵاتیانی ڕێکخراو لە تۆڕی شورا ناوچەیی و سەراسەیەکان و لە پڕۆسەیەکی دیاریکراودا و بەپێی هاوسەنگی هێز ئابوری و کار لەسەر بنەمایەکی سۆسیالیستی ڕێکدەخاو یەک لەدوای یەک بوارەکانی ژیان، هۆکارەکانی بەرهەمهێان و کار و سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە دەستی سەرمایە دەردەهێنێ و سۆسیالیستیان دەکا.

شەرتی ئەم ئاڵوگۆڕە بەڕاددەی یەکەم، سەرکەوتنێکی سیاسی چەپ و سۆسیالیستی و توانای ڕاوەستان و ڕاوەستانیەتی.

**بۆپێشەوە: تەبایی و ناتەبایی نێوان پارتی و یەکێتی چ ڕۆڵێک لە پێگەی ناسیونالیزمی کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا دەگێڕێت؟**

**ئیبراهیم حسێن:** ماف و سەڵاحیەتەکانی خێزانی بۆرژوازی کوردایەتی لەسیستەمی فیدراڵیزمی قەومی و ئیسلامی عێراق دیاریکراوە کە بریتیە لە دەسەڵات و قەوارەیەکی میلشیایی دیفاکتۆ کە مافی پاسەوانی چاڵەکانی نەوت و کۆنترۆڵی خەڵکی ئەوناوچانەی پێ ڕەوا بینراوە. ئەمە مەسەلەی سەرەکی ئەوانە. بێگومان هەرچی ئەم قەوارەیە وماف و ئیخیاراتی خێزانی بورژوازی لەکۆنترۆڵی وقاچاغی نەوت و سەرچاوەکانی داهات دەچێتە ژێرپرسیار بە تایبەت بە دوای لەبارچوونی هەوڵەکانی بارزانی و ناکام مانەوەی لە پڕۆژەکەیدا، مەیل بە ئەنتگرەبوونێکی زیاتر لەسیاسەت و دەسەڵاتی فیدراڵیزمی قەومی زیاتر دەبێ و بەشوێن ئەویشدا گیرەگیرو شەڕە دەنوکیان لەسەرپۆستەکان لەناوەند توندتر دەبێتەوە لەچاو جاران. شەڕی پارتی لەسەر سەرکۆماری کە پێشتر گاڵتەی پێدەکرد، بەڵگەی ئەم ڕاستیەیە.

فاکتەرێکی تر ئەوەیە کە ئەم قەوارەیە لە وەڵامدانەوە بە پێداویستی و چاوەڕوانی یە هەرە سادەکانی کۆمەڵگەیەکی پێنج میلیۆنی پەکی کەوتوە و چاوەڕوانی و خواست بۆ تێپەڕاندنی ئەم بەدبەختیە و ئەم قەوارەیە خەریکە دەگۆڕێ بە مەرجی هەر ئاڵۆگۆڕێک. ئەمە ترسێکی واقعییە و وادەکا بۆرژوازی کوردایەتی هەرچی زۆرتر بخزێتە ژێر باڵی فیدراڵیزمی قەومی داوەشاوی عێراق.

**ئەوەی کە گومان هەڵناگرێ ئەوەیە کە جوڵانەوەیەکی گەورەی نەخێر و ڕەتکردنەوەی هەلومەرج و حاکمیەتی ئەمڕۆ سەری هەڵداوە و تەنیا جوڵانەوەیەك کە دەیەوێ و بەقازانجیەتی ئەم جوڵانەوەی نەخێرە تا ئەوپەڕی خۆی قوڵ بکاتەوە و بیگەیەنێتە ئەوپەڕی سەرەنجامی مەنتیقی خۆی، کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و چینی کرێکارە...**

**ماف و سەڵاحیەتەکانی خێزانی بۆرژوازی کوردایەتی لەسیستەمی فیدراڵیزمی قەومی و ئیسلامی عێراق دیاریکراوە کە بریتیە لە دەسەڵات و قەوارەیەکی میلشیایی دیفاکتۆ کە مافی پاسەوانی چاڵەکانی نەوت و کۆنترۆڵی خەڵکی ئەوناوچانەی پێ ڕەوا بینراوە...**

**گۆڕانی ئەم بزوتنەوەیە لە بزوتنەوەیەك کە تەنیا داوا دەکا بۆ بزوتنەوەیەکی گەورەی ڕاستەوخۆی ئیرادەی جەماوەری، لەشار و گەڕەك و کۆڵان وسەراسەری وڵات دەستی ئەم جوڵانەوەیە دەکاتەوە، توانا گەورەکانی ئەم بەشەرییەتە کرێکارو زەحمەتکێشە دەکێشێتە ناو مەیدانی بڕیاردانێکی جیددیتر لەسەر چارەنوسی سیاسی و ئابوری خۆی ...**




# کاکەلاو تەحسین: سەرۆک کۆمار هیچ نییە جگە لە پۆستێك بۆ دەستکەوتی کەسی و شەڕی ئیرادەی تەسکی حیزبایەتی یەکتری...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ کاکەلاو تەحسین چاودێری سیاسی سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت لە عێراق...

**بۆپێشەوە: ناو ماڵی "شیعەکان" لێکترازاوە، ئەم لێکترازانە چ کاریگەرییەکی لەسەر پێکهێنانی حکومەت دەبێت؟**

**کاکەلاو تەحسین:** ئەم لێک ترازانە بەسەرەتایەکی باشی دەبینم بۆ دروستکردنەوەی بنەماکانی دەوڵەتداری لە عێراق، جا دەرئەنجامەکەی بە باشی تێپەربێت یان بە توندوتیژی، چونکە دەبێت ئەو بلۆک بەندیەی شیعە، کورد، سونەی عەرەب تێکبشکێت. دەبێت بلۆک و کوتلە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی و کۆکردنەوەی جیاوازی پێکبێت. بۆیە سەرەتایەکی ئاسان نابێت بەس گرێنگە.

**بۆپێشەوە: لەهەڵبژاردنەکاندا لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران پاشەکشەیان کرد، و باس لەوە دەکرێت ئەو لایەنانە دەبنە ئۆپۆزسیۆن، ئایا ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر حکومەتی داهاتوو، و شەقامی عێراقی دەبێت؟**

**کاکەلاو تەحسین:** گەر ئەمە رووبدات؛ هەنگاوی دووەمی چەسپاندنی بنەماکانی سیستەمی سیاسی تەندروستە، چونکە بوونی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی بەهێز لە لایەک ململانێی چەکداری و توندوتیژی شەقام دەگوازێتەوە بۆ هۆڵی پەرلەمان، لە لایەکی تر چاودێرێکی بەهێزی حکومەت دروستدەبێت، بەڵام ئەقلیەتی ئۆپۆزسیۆن بوون بە گشتی لە عێراق واتە توندوتیژی و هەڵتەکاندن و رووخاندنی هەموو شتێک کە خۆیان بەژدار نەبن تیایدا.

**بۆپێشەوە: موقتەدا سەدر پێداگری لەسەر پێکهێنانی حکومەتی زوربە دەکات و دەیەوێت کۆتایی بە حکومەتی تەوافوقی بهێنێت، چۆن دەرواننە ئەو پێداگرییەی موقتەدا سەدر؟**

**کاکەلاو تەحسین:** ئەوەی سەدر داوای دەکات شتێکی چاوەروانکراو بوو، چونکە دەرئەنجامی هەمواری یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بوو، کاتێک تۆ یاساکە لە ١٨ بازنەوە دەگۆڕیت بۆ٨٣ بازنەی هەڵبژاردن، بێگومان هێزی بچوک ناتوانن سەرکەوتووبن، و دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرینەی پەرلەمانی ئاسانتر پێکبێت، ئەمەش بە مەبەستی رزگار بوون بووە لە حکومەتی بنکەفراوان کە تا رادەیەک حکومەتێکی سست و لاواز و ناجێگیرە. ئیتر ئەوەی سەدر داوای دەکات وەک سەرەتا من بە باشی دەزانم بۆ ئەوەی ئەو لایەنەی زۆرینەی حکومەتی دەبێت ناتوانی خۆی لە هەڵگرتنی لێپرسراوەتی بدزێتەوە. هەرچەندە سەدر سیاسیەکی هەڵبەزودابەزە.

**بۆپێشەوە: جێگەو رێگەی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان بەتایبەت (پارتی و یەکێتی) لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبینن؟**

**کاکەلاو تەحسین:** جێگەو رێگەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم لە رابردودا تەنها رۆڵی نێوەندگیریان بینیوە. لە ساڵی ٢٠٠٥ کورد هاوکاری پێکهێنانی حکومەتی عێراق بووەو نەبوەتە بەشێک لە لایەنداری، کەچی لە بەرامبەردا مافە دەستورییەکانی کورد بەردەوام پاشەکشەی کردووە، بۆ نمونە جێبەجێ نەبوونی مادەی ١٤٠، دروستنەبوونی ئەنجومەنی باڵای هەرێمەکان، برینی بودجەی هەرێم، شانزەی ئۆکتۆبەر ...بەڵام ئەمجارە کورد بۆتە لایەندار لە پێکهێنانی حکومەت، ئەمەش مانای وایە لە ئەگەری خراپی دۆخی حکومەتی عێراق کاریگەری دەبێت لەسەر دۆخی حکومەتی هەرێمیش وە بە پێچەوانەوەش.

**بۆپێشەوە: زوربەی خەڵکی عێراق و کوردستان بروایان بە حزب و لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان نەک نەماوە، بەڵکو لێیان بێزارن و لە دەرفەتێک دەگەرێن بۆ راماڵینیان، چۆن دەکرێت کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەو حزبانە بهێنرێت؟**

**کاکەلاو تەحسین:** سەرەتا گرێنگە بزانین ئەو هێزانە لە عێراق و کوردستان بە پشتیوانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ماونەتەوە کە پشتیوانیانیان لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، لەگەڵ بوونی هێزی چەکدار. وە یاریە سیاسیەکە لە چوارچێوەی شانۆگەری دیموکراسی و هەڵبژاردن بەردەوامی دەدەن. کەواتە بۆ راماڵین سەرەتا دەبێت هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیدا بکرێت تاوەکو لە هەموو جارێک بازنەی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان بەریەک بکەوێ، بە نمونە هەڵبژاردن نەبوایە بێحورمەتی دکتۆر بەرهەم بۆ خەڵک روون نەدەبووە! هەڵبژاردن نەبوایە ماڵی شیعە دابەش نەدەبوو، هەڵبژاردن نەبوایە بارزانی دوو خولی تەواو نەدەبوو ، هەڵبژاردن نەبوایە گۆران رووی راستی دەرنەدەکەوت...بۆیە نابێت بڵێین هەڵبژاردن هیچ ناگۆرێت بەڵکو هەڵبژاردن روی راستەقینەی دیکتاتۆری هێزەکان ئاشکرا دەکات، لەوێوە شەرعیەتی حوکم داریان لە چوارچێوەی دروی هەڵبژاردن و دیموکراسی رونتر دەبێت، لێرەوە هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان بە ناچاری توشی پاشەکشە دەبن، تۆ سەیر بکە کاتێک شۆرشی خومەینی دەبێت فەرەنسا نزیکترین دۆستی شایە، بەڵام کە ئەزانێت شەرعیەتی لە کەوتنە پشت دەکاتە شاو بە خومەینی دەڵێ لە فەرەنسا بمێنەوەو لەوێوەش وتارەکانی تۆمار دەکرد. بە کورتی دەبێت ئەو ئیعجابە بۆ دەسەڵاتی ئەمریکاو هاوپەیمانی کۆتایی پێ بێت لە لایەن بەرەی دژە دەسەڵات، چونکە ئەو زلهێزانەن ئەو دەسەڵاتە دەپارێزن کەچی بۆ سکاڵاکردن لەو دەسەڵاتە دەچینە لای پارێزەرەکەیان کە وڵاتە زلهێزەکانە.

## بەر لەهەرشتێك یەکێتی و پارتی هێز بەیەکتر دەبەخشن لە ململانێی یەکتر، نەك یەکتری لاواز بکەن...

**بۆپێشەوە: خەڵکی عێراق و کوردستان لە هەلومەرجێکی سەخت و ناخۆشدان، خواستی نان و کار و خزمەتگوزارییەکان، خواستی زوربەی هەرەزۆری خەڵکی عێراقە... تا چەندە لاتان وایە حکومەتی داهاتوو دەتوانێت وەڵام بەو خواستە سەرەتاییانەی هاوڵاتیان بداتەوە؟**

**کاکەلاو تەحسین:** ئەوەی حەقیقەتە لە عێراق ئەوەیە کە ئەگەر پێکهێنانی حکومەت ئاسان بێت ئەوا بەرێوەبردنی حکومەت ئاسان نابێت، تۆ سەیر بکە جارێک هیچ نەبووە ماڵی حەلبوسی ساروخی ئاراستە دەکرێ و بارەگای هاوپەیمانی ئەو سێ لایەنە پەلامار دەدرێت، بەرمانە حکومەتی عادل عەبدولمەهدی چۆن روخێنرا. ئەوەی کاردانەوە بێت بۆ باشتر بوونی ژیانی خەڵک شتێکی ئەوتۆ ناگۆرێت، چونکە بنەمای کێشەکان نەگۆراوە کە خۆی دەبینێتەوە لەدەست تێوەردانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، گەندەڵی، میلیشیا، نەبوونی دامەزراوەی دەوڵەتداری بەهێز، سەروەر نەبوونی یاسا، تیرۆر .......هتد.

**بۆپێشەوە: عێراق سیستەمی پەرلەمانییە، لە سیستەمی پەرلەمانیشدا سەرۆک کۆمار پۆستێکی تەشریفاتی و رەمزییە و دەسەڵاتی سنووردارە... هۆکاری ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار، چییە؟ پێتوانییە ململانێکانی نێوانیانە لە کوردستان دەیگوازنەوە عێراق؟**

**کاکەلاو تەحسین:** بەر لەهەرشتێک یەکێتی و پارتی هێز بەیەکتر دەبەخشن لە ململانێی یەکتر، نەک یەکتری لاواز بکەن، واتە پارتی بوونی خۆی لە هەبوونی یەکێتی دەبینێتەوە، وە یەکێتیش بە هەمان شێوە. با کەمێک بگەرێینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٥ کە سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی ڤیتۆی هەبوو، کە سەر کۆمار سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای عێراق بوو، کە دەسەڵاتی هاوشێوەی ئەنجومەنی هەرێمەکان و پیرانی پێ درابوو وە لە سێ کەس پێکدەهات کە سەرۆک کۆمارو دوو جێگرەکەی بوو، من دەپرسم چی کرا بۆ مادەی ١٤٠ ؟ چی کرا بۆ دەرچواندنی یاسای دروستکردنی ئەنجومەنی هەرێم و پارێزگاکان کە لە دەستور هاتوە؟

ئەوکات دۆخی عێراق ناجێگیر بوو لە رووی سیاسی و ئابوری وە شەری تایفی لە لوتکە بوو، و کورد یەک ریزو یەک فراکسیۆن بوو. ئەی ئێستا بە پێچەوانەوە کورد ململانێی یەکتر دەکەن لەسەر ئەو پۆستە، دۆخی ئابوری هەرێم پێچەوانەی عێراق لاوازە، دیموکراسی لە هەرێم پێچەوانەی عێراق زیاتر لە پاشەکشەدایە، بۆیە سەرۆک کۆمار هیچ نییە جگە لە پۆستێک بۆ دەستکەوتی کەسی و شەری ئیرادەی تەسکی حیزبایەتی یەکتری، گەر نا چۆن لە کۆبونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی باڵێ و بەشێک لە مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی دەڵێن بەرهەم ٨٥٪ بە کەڵکی سەرۆک کۆمار نایەت و لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو بێهەڵوێست بووە! کەچی بە زورینە کاندیدی دەکەن!!! ئەی چۆن پارتی هەموو قسەو وتاریکی ریفراندۆم و سەربەخۆیی و پێشمەرگەیە، ئێستا لە پێناو سەرۆک کۆمار، لەگەڵ سەدرێک کەوتووە کە بە پێشمەرگە دەڵێ میلیشیا؟!

وە بەڵێ بە کاندیدکردنی دوو کەسی جیاواز لە یەکێتی و پارتی دووبارە درێژەدانە بە ململانێی نێوانیان.

**بۆپێشەوە: کارنامەی سەرۆک کۆمار لە دوای لە ١٨ ساڵی رابردوودا، چ دەستکەوتێکی بۆ خەڵکی کوردستان بووە؟**

**کاکەلاو تەحسین:** لە ماوەی ١٨ ساڵی رابردوو دەستکەوتی حیزبی و کەسی تیابووە نەک نەتەوەیی. تۆ سەیر بکە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو ١٤ پارێزگار لە عێراق گۆردرا، بەڵام سەرۆک کۆمار کە گوایە کاضمی هاورێیەتی و پشتیوانی بووە نەی توانی پارێزگایەک بۆ کەرکوک دابنێت! نەک ئەوە بەڵکو سەر کۆمار نەیتوانی بۆ یەک جاریش سەردانی بەغدا بکات.

## درێژەی....ڕاگەیاندن لەنێوان پڕوپاگەندەی بازرگانی و تێکۆشانی چینایەتییدا

لایەنێکی نەرێنی و لاواز کە ئەویش زیان بە گیانی تێکۆشانی خەڵکی ناڕازی دەگەیەنێت وەکو مەکینەیەک ئیرادەی مرۆڤی شۆڕشگێڕ دەهاڕێت و لاوازو بێ ئیرادەی دەکات، ئەویش پەرتەوازەی هێزی ڕاگەیاندن و میدیایی بزوتنەوەی کۆمۆنیستییە بەسەرجەم باڵ و لق و گرووپ و ڕێکخراو حیزبەکانیانەوە، ئەم پەرتەوازەیە بۆتە مۆرانەیەک بۆ جەستەی تێکۆشانی بزوتنەوەی نارەزایەتی چینایەتی خەڵکی چەوساوەو کرێکارو زەحمەتکێش وبێکارانی کۆمەڵگە. بەردەوام ڕوحیەتی فیداکاری دادەڕوخێنێت ئەم پەرتەوازەییە کە لەڕوویی ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی شیوعی و کۆمۆنیستییەوە هەیە.
ئەم گرووپ و حیزبانە لەڕوویی ئۆپۆزیسیۆن بوونەوە لەجۆری شۆڕشگێڕی زیاتر دادەخورێن و کاڵ دەبنەوە دەچنە چوارچێوەی بزوتنەوەیەکی ناوچەیی گرووپ بەندییەوە، نەک بەرەو گەشەکردنی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی چینایەتی ناو خیابان و شەقامەکان لەئێران عێراق و کوردستان هەنگاوبێنێن، زۆر بەداخەوە دەڵێم هەریەکەیان بوونە گرووپێکی کەم لەچوارچێوەی حیزبی شۆڕشگێڕی چینایەتی وا خەریکە زیاتر دەچنە دەرەوە، وا لە مەیدانی تێکۆشانە جەماوەرییە چینایەتییەکە خەریکە هێواش هێواش خەریکە بەخشکەیی گوزەر بکەن بچنە دەرەوە، تەنها لەچوارچێوەی گرووپ بەندی شیکاری و مەکتەبی، باسی کۆمۆنیزم و شۆڕشی کرێکاری وسۆشیالیزم دەکەن، بەڵام شەقام و خیابان و کارگە و مەیدانەکانی کرێکاران و بێکاران خاڵییە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی شۆڕشگێڕی کۆمۆنیستی کەمۆری ئالای سووری لێدرابێت.
هەر حیزبە و گرووپ و ڕێکخراوێک خاوەن میدیایەکە لەسایت و ماڵپەڕو پەیج و ڕادیۆیەک، بەڵام هەروەک بزوتنەوە کۆمۆنیستییەکە خاڵییە لەڕاگەیاندنێکی هاوبەشی پڕ کاریگەر. ئەمەش جارێکی تر لێدان وفشارێکی ترە بۆسەر شانی گەنجانی شۆڕشگێڕ بەتایبەتی و خەڵکی ناڕازی شەقامەکان بەگشتی کە بەرەو بێ ئومێدی و بێ هیوایی ئاراستەیان دەکات.

کاتێک دەبینێت لەهەمولایەکەوە بەرەی شۆڕشگێڕی چینایەتی دادەڕووخێت و پەرتەوازەتر دەبێت، دیسان وەکو بێ پشتوو پەنا هەنگاو دەنێنەوە لەخیابان و شەقامەکان کەخۆیان نازانن چۆن و چ کاتێک دەبنە قوربانی، ناشزانن کام هێزو کام حیزب بەرهەمی تێکۆشانەکانی نارەزایەتی شەقامەکان و ڕاپەرینی ئەم قۆناغ و سەردەم دەچنێتەوە.

دەرئەنجام ئەرکی حیزبە شیوعی و کۆمۆنیست و ئازادیخوازو یەکسانیخوازەکانە گەشە بە ڕاگەیاندنی هاوبەشی بدەن لەپێناوی گەشەو سەرکەوتنی خەباتی چینایەتی چینی چەوساوەو کرێکار و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگەدا بەرەو ڕاگەیاندنێکی ڕادیکاڵانە هەنگاوبنێن. لەژێر ناونیشانی نان، کار، ئازادی، ئیدارەدانی شورایی.

## درێژەی...زەینی وشە لەزمانی شیعری دلاوەر قەرەداغی دا

ڕۆژانە کەرەستەی ڕۆحی بووە.

وەک لێرەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ:-

زەینی ئەو ڕۆژانەی بدەنەوە

کەپڕ بوو،

لەکیژی قژکاڵی لێو ئاڵی

ناو شیعرێکی گۆران

زەینی ئێوارانێکی بدەنەوە

کەسەری بچوایە ...نوێژی لەسەر

بەرماڵەکەی شیعری نالی نەدەچوو

دلاوەر لەم دەقەدا پێمان دەڵێ ناکرێ وەها لەنیشتمان بکەن کە زەین لەدەست بداو کەسەنزیکەکانی خۆی نەناسێتەوە، شاعیر بەشێوەیەک تاک بەتاکی کۆمەڵگە ڕادەکێشێتە ناو ئەوپرسیارو بەرپرسیارێتیەوە و پێمان دەڵێ:-

(ناکرێ، مرۆڤێک لە نیشتیمانەکەی دەرکرێت، بەڵام لەوە خراپتر ئەوەیە کە ناکرێت نیشتمان لەناومرۆڤ دەربکرێت) ئێریش کێستنەر.*۲"

مرۆڤ خەسڵەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە و دەتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ دەوروروبەرو ژینگەی سروشتی و دەوروبەری، پێبەپێی ئەزموونکردنی پەیوەست دەبێت بەو شوناسە گشتگیرەی کەتیایدا دەژی، گەر بەهۆکارگەلێک تاکی کورد لەناو نیشتمانەکەشیدا نەژی یان دەربکرێ، دەتوانێ لە شوێنێکی تردا بمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی بۆ خودی مرۆڤ، مایەی مەترسی یە نیشتمان دەربکرێت لەناو خودی هەستەکانی مرۆڤ بوونی.

مرۆڤ خاوەنی ئەندێشەیەکە لە هەر سەردەم و کاتێکدا بێت دەیەوێ بگەڕێتەوەو بۆ ئەو شوێنەی خۆی کە بەزۆر دووریان خستۆتەوە. یان لەناویدایە و قۆرخ کراوە و شێوێنراوە...

## درێژەی دوا وتە

پەرلەمان و دەیان وەزیر و ئەندام پەرلەمان کورد بوون، تا هاتووە پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی بەرەو لاوازی چووە، لەوەش زیاتر کەسایەتیەکانیش بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، لاوازتر و بێ کاریگەر و هیچ کارە دەرکەوتوون و باسی سەروەت و سامان و کەڵک وەرگرتن لە ئیمتیازاتە خەیاڵیەکانیان، جێگای قسەوباس بووە، نە کارێک و دەستکەوتێک. لە ماوەی نزیک بە نزیک بە ١٨ساڵدا، بە سەرۆک کۆمارو دەیان وەزیر و ریزێک پەرلەمانتارەوە، دەسەڵات و پێگەی یەکێتی و پارتی بەرەو داکشان هاتووە، بودجەی هەرێم لە ١٧% لەسەدەوە هێنراوەتە خوارەوە بۆ ١٢% لەسەدا. قەڵەمرەوی دەسەڵاتی بەتەسک کراوەتەوە و کەرکوک و دەیان ناوچەی ناونراو بە کێشەلەسەریان لەدەست دەرهێنراوە، لە هەریمدا رادەی چاودێری دەسەلاتی مەکەزی زیادی کردووە، پرسی خاڵە سنوریەکان و فرۆکەخانەکان و مەسەلەی ئەمنی، لەدەستی دەسەڵاتی هەرێمدا لاواز کراوە. خۆ ئەگەر ئەو دەستورەی پارتی و یەکیتی و نووسەرەکانیان بەشان و باڵیدا خۆش ئاوازی دەخوێنن، لە توانای دەسەڵاتی ناوەندا بوایە بۆ جێبەجێکردن، هێندەی تر دەسەڵات و قەڵەمرەوی سیاسی و توانای دەسەڵاتی هەرێم کلک و گوێی زیاتر دەکرا.

بۆیە بوونی سەرۆک کۆمار و ریزیک وەزیر و پەرلەمانتاری حزبەکان بەتایبەتیش هی یەکێتی وپارتی، نەک خزمەتی بە خەڵکی کوردستان و کێشە سیاسیەکەی نەکردووە، بەڵکو بە کردەوەو بە دەیان بەڵگە و فاکتی زیندو گەورەترین گورزی لە داواو ویستەکانی خەڵکی کوردسان و لە پێش هەمووشیانەوە لەکیشەی سیاسی خەڵکی کوردستان داوەو چارەسەری پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانی ئاڵۆزتر و سەختر کردووە. تەنانەت بەو هۆیەوە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و پارتی و یەکێتی هیچ بەرنامەو نەخشەیەکی رۆشنی سیاسی و دورنمایەکیان بۆ چۆنیەتی بەشداریکردن لە پرۆسیسی سیاسی عێراقدا نییە، پیگەیان وەکو حزبیش تا هاتووە بەرەو داکشان هاتووە، لە ئێستادا تەنها چاوەروانی بودجەیەکی رەمزین بۆ موچەخۆرانی هەرێم.

ئەوەی ئێستا لە نێوان پارتی و یەکێتیدا لەسەر سەرۆک کۆمار روودەدات، رەنگدانەوەی ئەزمەیەکی سەراپاگیرە کە بزوتنەوەی کوردایەتی و بەتایبەتیش پارتی و یەکیتی دەرگیری بوون. ئەزمەیەکە کە ریشەی لەچەندین مەسەلەی بناغەییدایە، لەوانە لاوازبوون و پاشەکشەی بەردەوامی سیاسییان لە پرۆسەی سیاسی عێراق. نەبوونی ئاسۆیەکی سیاسی دیاریکراو بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان. پاشەکشەی هیزە سەربازیەکانی ئەمریکا و لاوازبوونی رۆڵی سیاسیان. چوونەسەری ئاستی نارەزایەتی جەماوەری، کە پاشەپێکردنی لە تواناداا نییە... ئەو هۆکارانە سەرچاوەی قوڵبونەوەی ئەزمەی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و کێشەی نیوان پارتی و یەکیتین و هەر مەسەلەیەکی وەکو پرسی سەرۆک کۆمار یان هاوشێوەی ئەوە لەسەر پۆست و داهات، لەگەڵ یەکتری دەرگیریان دەکات و ئەزمەی قوڵییان لە ئاستێکی فراوانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەخاتە روو.

دیارە بە جیا لەوانە ململانێ لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار، ململانێی دەسەڵاتە لە هەرێمی کوردستاندا... بەجیا لەوەی کادران و بەرپرسانی پارتی بەنەخشەوە و بە بەردەوامی رایدەگەیەنن، کە یەکێتی هاوبەش و هاوکار و هاو دەسەلات و هاو بڕیارە لە هەرێم، یەکێتی هێزی کاریگەری سەر گۆرەپانی هەرێمەو پارتی رۆڵی میژووی و گرنگی یەکێتی بەرز دەنرخێنێت... راستی ئەوەیە پارتی بەپشت بەستن بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان!! بە ئەندازەی کورسیەکانی!!، وە بە ئەندازەی دەسەڵاتی بریاردانی، دەیەوێت یەکێتی تەسلیمی ئەمری واقعی دەسەڵاتی خۆی بکات و هەژموونی بە ئەندازەی زیاتر لە رابردوو بەسەر هەرێمدا زاڵ بکات، ستایش کردنی یەکێتی لەلایەن پارتییەوە لەو کاتانەشدا کێشەیان لەسەر پۆست و داهات و دەسەڵاتە، بۆ ئەوەیە یەکێتی غافڵ گیر بکات و بە ستایشی مەکیاڤلییانە، دەسەڵات و توانایی یەکێتی سنوردارتر لەوەی هەیە بکات، لەو راستایەشدا بەهرەبەرداری لە دۆخی ناوخۆی یەکێتی دەکات و کەڵک لەو دۆخە وەردەگرێت کە یەکێتی بەدەستیەوە دەناڵێنێت. پارتی لە دنیای واقعیدا یەکێتی بە کۆسپێک لەبەردەم سیاسەت و پرۆژەکانی خۆی دەزانێت و هەوڵ دەدات لاواز و لاوازتر بێت. بۆ ئەو مەبەستەش لەهەوڵی روتاندنەوەی یەکێتیدایە و دەیەوێت گوێ رایەڵێکی باشی بێت و هەژموونی سیاسی خۆی لەو رێگایە و رێگای موچەخۆرەکانی خۆیەوە بگوازێتەوە زۆنی سەوز. بوونی کاندیدی پارتی لە بەرامبەر بە کاندیدی یەکێتی، بۆ دەستخاڵی هێشتنەوەی یەکێتییە، لە ئاستی عێراق و ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەوەدا پۆستی سەرۆک کۆمار رەمزی و تەشریفاتییە، بەڵام پارتی نایەوێت لە عیراقدا یەکێتی ئەو پۆستانەشی هەبێت. دیارە سەرکەوتنی پارتی لەو هەنگاوانەیدا هێندەی تر یەکێتی لاوازتر لە ئاستی سیاسی و دیبلۆماسیدا دەکات و زەمینەی تەسلیم بوونی یەکیتی بە بریار و نەخشەکانی پارتی لە هەرێمدا سانا تر دەکات، بەتایبەتیش کە یەکێتی بە دەست گرفتی رابەری و نەبوونی روئیاو پرۆژەی سیاسی دیاریکراو لەئاستی ناوچەکەو عێراق و هەرێمدا دەناڵێنێت و خەریکی ئافەرین کردن یان خەلاتکردنی چەند بەرپرس و کادری سیاسی و راگەیاندنی ستایشچییە کە بە باڵای و میژووی یەکێتی و رۆڵی ئیستایدا هەڵدەدەن، بێ ئەوەی درکی واقعیەتە سیاسییە زیندوەکانی ئێستای کۆمەلگەو هاوسەنگی هێزەکان بکەن و فەهمی بکەن.

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
بنار مستەفا، عبدالرحمن رسول، سەردار عەبدوڵا حەمە، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، هیوا سالّح، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر،ئەکرەم عەبدوڵا، هەتاو عەبدوڵاهی،حەکیم میرزا، بەناز کاوێس ئاغا...

**لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"پرسی پێکهێنانی حکومەت لە عێراق"دا...**

# کتێبی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و مێژووی سەرهەڵدانی کۆمۆنیزم لە ڕوسیا

## لە چاپ دەرهات.... نووسینی: بنار مستەفا




کتێبکی مێژووییە لە نووسین و ئامادەکردنی مستەفا باهیر، کە تێیدا بە وردی باس لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ڕوسیا دەکات، کە چۆن شکڵی گرت و لە دەورانە جیاوازەکاندا چ گرایش و بڕیار و سیاسەتی گرتەبەر و لەگەڵ چ جۆرە مامەڵە و بەرخودی هێزە بۆرژوازییەکان و دەسەڵات بەرەو ڕوو بوویەوە. شۆڕشی ئۆکتۆبەر ١٩١٧ وەک سەرەکیترین کۆڵەکەی ئەو مێژووە لەو کتێبەکەدا باسی لێوە کراوە و بە وردەکارییەکی زۆرەوە ئەو مێژووە باس کراوە، لە هەڵبژاردە و بڕیاری سیاسییەوە تا ڕووداوەکانی ڕۆژانەی پەیوەست بەو شۆڕشە. هەروەها زۆر لایەنی تری پەیوەست بەو مێژووە، کە کەمتر بیستراون، بەڵام لەم کتێبەدا بە فراوانی باسیان لێوەکراوە، وەک دەورانی پاش شۆڕش.

ئەوانەی ئارەزووی خوێندنەوەی بابەتی مێژوویی دەکەن و بە دیاریکراوی تێگەشتنی زیاتر لەو مێژووە دەخوازن، دەکرێت ئەم کتێبە جێگەی سەرنجیان بێت. بۆ ئەوانەش، کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر و خەباتی کۆمۆنیستی بە بایەخە لایان، دەکرێت ئەم کتێبە بخەنە لیستی ئەو بابەتانەی بۆ خوێندنەوە ڕیزیان گرتووە. هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست و ئەوانەی باوەڕیان بە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی کۆمەڵگە هەیە، لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە کۆمەڵێک زانیاری و ئەزموونی سەرکەوتووی بە کەڵک دەخوێننەوە ڕۆشنایی زیاتر دەخاتە بەردەم ئەم خەباتە .

ڕەنگە بۆ زۆر کەس و تەنانەت هەڵسوڕاوانی چەپ و کرێکاریش چەندین پرسیاری جۆراوجۆر سەبارەت بە خەباتی چینایەتی بوونی هەبێت، وەک: شۆڕش چ بایەخ و جێگەوڕێگەیەکی هەیە؟ خەباتی کرێکاران دەکرێت بەرهەمی هەبێت؟ شێوەی ڕێکخستن چۆنە و چ مانایەکی هەیە؟ کێ دەتوانێت دەورو نەخشی هەبێت لە دەستبردن بۆ ئاڵوگۆڕ لە خوارەوە بۆ سەرەوە؟ ڕابەرانی کۆمۆنیست چ ڕۆڵێکیان هەیە؟ دەستکەوتەکانی خەبات و شۆڕش چۆن پاریزگاریان لێ دەکرێت؟ و کۆمەڵێک پرسیاری تر. مەرج نییە ڕێک بە شێوەی وەڵام بە پرسیارێک وەڵامی تێدابێت، بەڵام بێ شک بەرچاو ڕوونی زیاتر دەدات و دیدگای نوێ دەدات بە دەستەوە بۆ تاوتێکردنی ئەم پرسیارانە.

سەرئەنجام لە هەموو گرنگتر واقعیەتێک پڕ بایەخ لە ڕێگەی ئەم مێژووەوە وەردەگرین، کە کرێکارانی هۆشیار و هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست، بە کاری دەستەجەمعی و خەتی ڕۆشن و بڕیاردانی سیاسی دروست و دەست بردن بۆ دەسەڵات، دەتوانن بە سەرکەوتن بگەن. چۆنێتی و وردەکاری زیاتری سەرنجڕاکێش لە کتێبەکەدا بەدی دەکرێت. کەڵک وەرگرتن لەم مێژووە لە زۆر ڕووی ترەوە کۆمەکبەخشە بە خەباتی چینایەتی.

لایەنێکی تری بەهێزی ئەم کتێبە ئەوەیە، کە بە سوود وەرگرتن لە چەندین سەرچاوەی جیاواز مێژووەکە وەک خۆی نووسراوەتەوە، نەک هەڵبژاردەی ئەو بەشانەی لە بەرژەوەندی ئایدۆلۆجیا یان خەت و حزبێکی دیاریکراو بێت. ئاماژە بە هەموو ئەو لایەنانەش کراوە، کە ڕەنگە بە پێوەری جیهانبینی باوی ئەمڕۆ وەک کرداری دروست و مرۆیی تەماشا نەکرێت. بۆیە خوێنەر زانیاری دروستی تۆمارکراو وەردەگرێت، نەک بیرو بۆچوون و تێڕوانین.


بە هیوای کتێبخانەی زمانی کوردی لەم جۆرە بەرهەمانە دەوڵەمەندتر بێت و بگاتە دەستی هەڵسوڕاوانی کرێکاریی و کۆمۆنیستی. هەروەها گفتوگۆ و کاری پێکەوەیی بەدوای خۆیاندا بهێنێت لەپێناو گەیشتن بە جیهانێکی باشتر.




## دوا وتە

# سەرۆك کۆمار

کاندید بۆ سەرۆک کۆمار، ململانێی بۆ بەدەستهێنانی ئەو پۆستە جارێکی تر ڕوپۆشی لەسەر دیوی ناوەوەی ململانێی پارتی و یەکێتی هەڵدایەوە. ئەوەی خستەوە روو کە ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی هێندە قوڵ و هەمەلایەنەیە کە هەموو مەسەلە و گرفتێک دەتوانێت بە قوڵایی کێبەرکی کەیان شۆربێتەوە. هەر ئەوەشە بۆتە هۆی ئەوەی هەموو ڕوداو پێشهات و کێشیەک لە نێوان پارتی و یەکێتیدا، راستەخۆ ئەزمەی قوڵی نێوانیان نیشان بدات.



ناکۆکی و کێشەی ئێستای نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر پرسی سەرۆک کۆمار، مەسەلەیەکی روکەشە، کە لەرێگایەوە دەتوانرێت، قوڵی ئەزمەی نێوانیان لە ئاستی پایەییدا نیشان بدات. پرسی سەرۆک کۆمار هۆکار نییە بۆ دروستبوونی ئەزمەی نێوان پارتی و یەکێتی، بەڵکو دەرهاویشتەی ئەزمەیەکی قوڵترو هەمەلایەنەترە.

چ پارتی و چ یەکێتی دەزانن پێگەی سەرۆک کۆمار لە عێراقدا، کە سیستەمە سیاسیەکەی پەرلەمانییە!!، پێگەیەکی رەمزی و تەشریفاتی هەیە، لەو پێگەیەشدا باسی بەرگری لە پێکهاتەکان و چاودێربوون بەسەر دەستور و جێ بەجێبوونیدا لە عیراقدا، کە وڵاتێکی داوەشاوەو هیچکام لەو هێزە سیاسیانەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتیان لە عێراقدا هەیە، وەکو سەرچاوەیەکی جێگیر و بە فەرمی ناسراو دانی پیانانێن، بەڵکو وەکو ڕیکەوتنێکی کاتی لە زەمەنێکی دیاریکراو و لە هاوسەنگی هێزە سیاسیەکانی عێراقی دوای روخاندنی بەعسدا، تەماشای دەکەن و پرسی هەموارکردنەوەی لە پرسی وابەستەبوون و پابەند بووی پێوەی زۆر زیاترە.

دیارە پارتی و یەکێتی درۆیەکی شاخدار دەکەن کە دەڵێن ئەو پۆستە پۆستی کوردە، هەموو کەس دەزانێت لە کورد مەبەستیان حزبەکانی خۆیانە. لەدەرەوەی حزبەکانی خۆیان ئەو پۆستە نابەخشن بە هیچ کەسایەتیەکی سیاسی سەربەخۆ چەندە توانایی و شارەزاییشی هەبێت. بەڵکو وەکو هەموو پۆست و پلەیەکی تر پۆستی سەرۆک کۆماریش حزبییەو حزب قەڵەو دەکات و لێیەوە بناوانی دزی لێ جیادەکەنەوەو بۆ ئەوەی تێکەڵ بە روباری نەوەستاوی دزی و تاڵانی خۆیانی بکەن.

هەروەها رۆڵی سەرۆک کۆمار لە عێراقدا، لە نزیک بە ١٨ ساڵی رابردوودا، هیچ دەستکەوت و رۆڵێکی بۆ خەڵکی کوردستان نەک نەبووە، بەڵکو بۆتە مایەی یەکێک لە لاوازییە زەقەکان، تا رادەی بوون بە نوکتەی سیاسی. لەو ماوەیەشدا کە سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆکی

بۆ لاپەڕە 13